دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٩٩
www. kurdistanukurd.com
پێنج شەممە ١٤ی سەرماوەز ١٣٨٧ - ٤ی دیسامبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

**بەیاننامە :**
چرای بیر قوربانیانی قەتڵە زنجیرەییەکان بە داگیرساوی دەمێنێتەوە

سیاسی



**خوێندنەوەیەك لە بزاڤی خوێندکاریی ئێران و کوردستان**

کوردستانی

**هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیە و پێگەی کورد**

کۆمەڵایەتی



**لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان**

# چڕتر بوونەوەی هەوڵەکانی رێژیم بۆ پەرەپێدانی دیاردەی بەسیج لە کوردستان



لە چەند حەوتووی رابردوودا لە سەرجەم شارو شارۆچکە و ئاواییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رێژیم بە شێوەیەکی سیستماتیك هەوڵەکانی خۆی بۆ پەرەپێدانی دیاردەی بەسیج چڕتر کردۆتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ دا لە هەموو شێوازەکانی وەکوو فشارهێنان و تەماح وەبەرنان و... کەڵك وەردەگرێ.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لە دوو حەوتووی رابردوودا لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە وەدەست "کوردستان" کەوتوون رێژیم بە شێوەیەکی بە بەرنامە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هەر چەشنە مەترسییەك بۆ سەر خۆی هەوڵی پەرەپێدانی دیاردەی بەسیج لە کوردستان دەدا. لە کامیاران لە رێگەی حەراسەتی ئیدارەکانەوە کارمەندان بۆ لێپرسینەوە بانگ دەکرێن و دەبێ هۆکاری نەبوونیان بە بەسیج روون بکەنەوە و هەڕەشەیان لێ دەکرێ ئەگەر نەبنە بەسیج لەگەڵ مەترسیی دەرکران لەسەر کار رووبەروو دەبنەوە. هەر لەو شارە هەوڵەکانی بە بەسیج کردن قوتابخانەکانیشی گرتۆتەوە، بە شێوەیەك کە قوتابییەکان بانگ دەکرێن و پێیان رادەگەیەنن کە ئەگەر نەبنە بەسیج رێگەی درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆکانیان پێ نادرێ.

لە شاری سەقزیش تبانگەشە بۆ بەسیج لە قوتابخانەکان لە لایەن هەندێك مامۆستای بەسیجی کە زۆربەیان غەیرە کوردن پەرەی سەندوە. سەرەتا لە رێگەی تەماح وەبەرنان و بەڵێنی جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدەن و ئەگەر هەوڵەکانیشیان سەری نەگرت بە هەڕەشە کردن ناچاریان دەکەن فۆرمی بەسیج پڕ بکەنەوە. هەر لە شاری سەقز لە ئاوایی میرەدێ چەند جاشێکی ئەم گوندە هەڕەشە لە خەڵکی ئەو ئاواییە و ئاواییەکانی دەوروبەر دەکەن کە دەبێ ببنە بەسیج و چەك بۆ رێژیم هەڵگرن.

بە پێی زانیارییەکان لە ناوچەی مەهابادیش رێژیم لە بەرنامەی دایە لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە لە داهاتوویەکی نزیك دا ٣٦ بنکەی بەسیج بکاتەوە و جگە لەوەش نێو شاری مەهابادیش وەکوو زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان هەوڵەکان لە نێو قوتابخانەکان و ئیدارەکان پەرەی سەندوە.

لە ناوچەی مەریوانیش بەکرێگیراوانی رێژیم لە شارەدێی "جانەوەر" بە خەڵکی گوندەکانی دەبەینا، چاوەلکان، ژالیکا، تەنیال، مایدۆڵ، سەوار، باوار، شانشین، سۆفی بلە، گورچیا، کاکۆ زەکەریا، پلوار، دەرەویان و...یان راگەیاندوە کە دەبێ ببنە بەسیج ئەگینا کێشەیان بۆ دروست دەکرێ. هەروەها لە شاری کرماشان زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە رێژیم بەسیجییەکانی کۆکردۆتەوە و داوایان لێ کردوون کە دژ بە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەکردەوە هەنگاو بنێن و بۆ ئەم مەبەستەش بەسیجییەکان ئەرکی سەرشانیانە بە شێوەیەکی چڕوپڕ بە هەر شێوازێك کە بۆیان دەکرێ هەوڵ بدەن خەڵك و بە تایبەت لاوان هان بدەن کە بە ریزەکانی بەسیجەوە پەیوەست بن و بەسیجییەکان بۆ باشتر تەبلیغ کردن دەتوانن هەر جۆرە بەڵێنییەك بە لاوان بدەن.

## رێگە لە بەتاڵانبردنی شوێنەوارە کەونارو مێژووییەکان بگرین

عەوڵلا بەهرامی

جارێکی دیکەش سیاسەتی پاکتاو کردنی کولتووریی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە لە تاڵان کردنی کەلوپەلە دۆزراوەکانی شوێنەوارێکی مێژوویی‌دا لە سنە بەزەقی و بە روونی خۆی دەرخستەوەو هەموو لایەکمانی لە مەترسییەکانی بۆ سەر کولتوورو مێژووی نەتەوەکەمان وەئاگا هێنانەوە. سیاسەتێك کە جگە لە بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژوویی و کەونارەکانی کوردستان، ئامانجی دابڕینی نەتەوەی کورد لە فەرهەنگ و ژیارە کەونارەکەی و بە گشتی رەگە قووڵە مێژووییەکەیەتی. شوڤێنیستی دەسەڵاتدار لەم پێناوەدا و بە مەبەستی بێ‌شوناس کردنی نەتەوەی کورد، هاوکات لەگەڵ تاڵان کردن و شێواندنی روخساری شوێنەوارە مێژووییەکان و تەنانەت ساختە کردنی ناسنامەی کەلوپەلەو شوێنەوارە دۆزراوەکان زۆر هەوڵی چەواشە و ساختە کارانەی دیکەشی داوە. ئەو دەستکارییانەی لە کتێبەکانی مێژوودا کراون یان ئەو کتێبانەی لە سەر داوای دەسەڵاتداران لە سەر مێژووی کوردستان و ئێران نووسراون بەڵگەگەلی دیکەی سەلماندنی لایەنە دوژمنکارانەو مەترسیدارەکانی ئەم سیاسەتە کۆنەن.

هەموو لایەکمان ئاگادارین کە لانیکەم لە ٣٠ ساڵی رابردوودا سەدان شوێنەواری مێژوویی لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان بە ئاشکرا لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە دراونەتەوە و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان براون یان بۆ ماوەیەك پێگەی نیزامییان لە سەر دروست کراوە و بەم چەشنە بەدوور لە چاوی خەڵك دراونەتەوە و تاڵان کراون. هەروەها بەشێکی گرنگی شوێنەوارە مێژوویی و کەونارەکانیش لەلایەن دەستەو تاقمە تاڵانچییەکانی سەر بە رێژیمی ئیسلامییەوە بە نهێنی و بە هاوکاریی کەسانی قازانجپەرست و هەلپەرستی خۆجێییەوە دراونەتەوە و کەلوپەلەکانیان تاڵان کراوەو بە باندە قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان فرۆشراون و ئێستا زۆر لە کەلوپەلە دزراوەکان لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی دنیادا بەرچاو دەکەون. لەم بارەیەوە هەروەك نموونە کەس نیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگاداری دزی و تاڵانکارییەکانی رەزا رەفسەنجانی و باندە تاڵانچییەکەی نەبێ کە بە پشتیوانیی دامودەزگای سەرکوتی رێژیم بە بەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە تەراتێن دەکا.

ل ٣

## به هۆی پێشێل کردنی مافی بەرگریکردن لە تازەلاوێك
# تورکیە لە دادگای مافی مرۆڤی ئورووپا مەحکووم کرا



دادگای مافی مرۆڤی ئورووپا سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی بەرگریکردن لە تازەلاوێکی لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان تورکیەی محکوم کرد و رایگەیاند پۆلیسی ئەم وڵاتە بە بێ ئامادەبوونی پارێزەر، ددانپێدانانی لەم تازە لاوە وەرگرتووە.

هەواڵدەریی فەرانسە لە ستراسبۆرگ رایگەیاند: ئەم تازەلاوە بە دەربڕینی ئەمە کە لە ژێر گوشاری پۆلیسی تورکیە دا ناچار بە ددانپێدانان کراوە قسەکانی خۆی وەرگرتۆتەوە بەڵام ئەو لە سەر بنەمای ئەم ددانپێدانانە بە دوو ساڵ و شەش مانگ بەند کران محکوم کراوە.

دادگای مافی مرۆڤی ئورووپا بە راگەیاندنی ئەمە کە تەنانەت ئەگەر ئەم تازەلاوە بەرانبەر دادوەرانی تورکیە دا مافی بەرگریکردنی ئاساییشی هەبووبێ، نەبوونی پارێزەر لە کاتی دەستبەسەری دا زیانی لە بەرگریکردنی ئەوەی داوە، بە دەر کردنی حوکمێك، بە هۆی رانەگەیاندن حوکمی دادپرسی لە لایەن دادستێنی دیوانی وڵات و هەروەها دادگایی نەکردنی راستەوخۆ، تورکیەی مەحکوم کرد.

ئەم تازەلاوە کە لە کاتی دەستبەسەر کردنی لە مانگی مەی ٢٠٠١ دا حەڤدە ساڵی تەمەن بووە تۆمەتی بەشداری لە خۆپێشاندانێکی بە پشتیوانی لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دراوەتە پاڵ.

# تورکیە و ئێران بەردەوامن لە بوردمان و تۆپبارانی هەرێمی کوردستان



چەند رۆژە سوپای تورکیە و ئێران سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە بیانووی لێدانی گریلاکانی پ.ك.ك وپژاك بوردمان دەکەن.
بە پێی بەیاننامەیەکی ناوەندی راگەیاندنی پ.ك.ك، دەست سبەی "شەوی ١٣ی سەرماوەز فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیە گوندەکانی نەروەو رێکان و زێوێ و رێشاوەو بێبۆ و گارەی سەر بە ناوچەی زاپ و هەفتانینی بوردمان کرد کە بوە هۆی سووتانی زۆرێك لە رەز و باخی ناوچەکە ودانیشتوانی ئەو گوندانە بۆ ماوەیەکی زۆرە لە ترس و دڵەراوکێ دا دەژین". لە لایەکی دیکەوە ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاویکردەوە، سوپای ئێران بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی هەرێمی کوردستان و لە ئێوارێ تا بەرەبەیان هەر دوو ناحیەی سەنگەسەر ژاراوەی سەر بە ناوچەی سەر بە شارۆچکەی پشدەری تۆپباران کرد کە زیانی مادی زۆری بە ناوچەکە گەیاندوە و زۆرێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێهێشتووە. هەر لەو چوارچێوەیەدا رۆژی سێشەممە و بۆ ماوەی چەند سەعات ئێران چەند گوندێکی بناری قەندیل تۆپباران کرد.

توببارانەکە سەر لە بەیانی تا سەعات ٧ی ئێوارێی خایاند و گوندەگانی شورەدێ، قەرناقە، پشت ئاشان و سینەمۆکە و ئاشقوڵقەی گرتەوە. جێی ئاماژەیە سوپای تورکیەو ئێران ماوەی هەفتەیەکە بوردمان تۆپبارانی هەرێمی کوردستانیان چڕ کردۆتەوە.

## ٣٦ پایەگا لە ناوچەی مەنگوڕایەتی مەهاباد دادەمەزرێ

بە هاوکاری هێزەکانی سپای پاسداران، ئیدارەی بەسیج ٣٦ پایەگای بەسیج لە ٣٦ ئاوایی ناوچەی مەنگوڕایەتی مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی ئەم شارە دادەمەزرێنێ.

هەواڵنێرمان لە شاری مەهابادەوە پێی ڕاگەیاندین کە چەند ڕۆژ لەمەوپێش چەند کەسێك لە بەرپرسانی سپای پاسداران و ئیدارەی بەسیجی شاری مەهاباد لە ئاوایی "هەمزاوا"ی سەر بە ناوچەی مەنگوڕایەتی ئەم شارە خەڵکیان کۆ کردۆتەوە و پێیان ڕاگەیاندون کە لە ٣٦ ئاوایی ناوچەکە پایەگای بەسیج دادەمەزرێنن، هەر بۆیە پێویستیان بە چەکدارەو داوایان لە خەڵك کردووە چەك هەڵبگرن.

بە گوێرەی هەواڵ، بەکرێگیراوانی ڕێژیم لەم کۆبوونەوەیاندا بە مەبەستی هاندانی خەڵك و بە تایبەت لاوان بۆ چەك هەڵگرتن بۆ ڕێژیم پێیان وتوون کە بۆ هەر پایەگایەك دەبێ ٢٠ کەس هەبن و ئەوانەی دەیانهەوێ لە گوندەکانی خۆیان سەربازی بکەن دەتوانن پێشتر وەك بەسیجی فەعال چەك هەڵگرن و لەم پایەگایانە دا کار بکەن و هاوکاری ڕێژیم بکەن.

لەگەڵ ئەوەیکە خەڵکی ئاوایی هەمزاوا وڵامی هیچکام لە داخوازییەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیمیان نەداوەتەوە، بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لە ئیدارەی بەسیج و سپای پاسداران بەردەوامن لە هەوڵی بە بەسیج کردنی خەڵکی ناوچەکە.

## دانانی تۆپخانەیەك لە ناوچەی سەقز

بوردمانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، ڕێژیم لە ناوچەی سەقز دەستی داوەتە دامەزراندنی تۆپخانەیەکی گەورە.

بە مەبەستی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە سنوورییەکانی سەر بەشاری سەقز، ماوەیەکە هێزەکانی سپای پاسداران بە هاوکاری ستادی بەسیجە چەکدارەکانی ڕێژیم بنکەیەکی گەورەی تۆپخانەیان لە "میشیاو"ی سەر بەم شارە دامەزراندوە.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری سەقزەوە، ڕۆژی ١٠ی سەرماوەز هاوکات لە گەڵ تۆپخانەکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار، تۆپخانەی تازە دامەزراوی "میشیاو" هەڵکەوتوو لە ناوچەی سەقز ناوچە سنووریەکانی تۆپباران کردوە.

شایانی باسە کە چەند ڕۆژێکە تۆپخانەکانی ڕێژیمی تاران شان بەشانی هێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی تورکیە بوردمانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی باشووری کوردستانیان دەست پێ کردۆتەوە.

## لە هێرشێك دا بۆ سەر بازاری زێڕنگەری شاری سەقز ٦ کەس بریندار دەکرێن

ئێوارەی ڕۆژی ١٢ ی سەرماوەز چەند کەسێکی نەناسراو بەمەبەستی لێدانی دوکانی یەکێك لە زێڕنگەرەکان بە چەکی کلاشینکۆفەوە هێرش دەکەنە سەر بازاری زێڕنگەران لە "چەمی وڵی خان " ی شاری سەقزو دوای ئەوەیکە پێیان دەزانرێ، بۆ دەربازبوونیان تەقە لە خەڵك دەکەن.

بە پێی زانیارییەکان لە ئاکامی تەقەی تاڵانچییەکان دا ٦ کەس لە هاووڵاتیانی شاری سەقز بریندار دەبن و بۆ نەخۆشخانە رادەگوێزرێن.

تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە سەبارەت بە چارەنووسی بریندارەکان و ئاکامی هەوڵی تاڵانچییەکان زانیارییە لە بەر دەست دا نیە.

## کۆڕە شێعرێك بۆ ناسر حیسامی بەڕێوە دەچێ



بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆڕە شێعرێك بۆ شاعیر و ڕۆشنبیر کاك ناسری حیسامی بەڕێوەچوو.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر بە بەشداریی سەدان کەس بریتی لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆڕە شێعرێك بۆ شاعیر و ڕۆشنبیر ناسری حیسامی بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم کۆڕەدا شاعیری پێشمەرگە، ڕەسووڵ سوڵتانی وێڕای بەخێرهاتن کردنی حیسامی لەلایەن سەرجەم بەشدارانەوە، سەبارەت بە شێعر و وەرگێڕانەکانی ناوبراوەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان شاعیری بە هەڵوێست ناسر حیسامی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە ئامادە بوونی لە ناو تێکۆشەرانی دێموکڕات، چەند پارچە شێعرێکی پڕ لە هەست و جوانی خۆی خوێندەوە. لە درێژەدا ناوبراو چەند دوو بەیتیەکی شاعیر کورد بابا تاهیری عوریان کە وەریگێڕابۆوە سەر زاراوەی سۆرانی بۆ ئامادەبوان خوێندەوەو لە بەشی کۆتایی دا لە سەر داوای بەشداران دوو شێعری وەرگێڕدراوی " تەنگانە " و " کوچە "ی لە دوو شاعیری گەورەی فارس ئەحمەدی شاملوو و فەریدونی موشیری خوێندەوە.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، ناسر حیسامی هیوای خواست کە لە داهاتوودا ئەم جۆرە کۆڕانە بەردەوام بێت و هیوای خواست کە جارێکی دیکە خۆی لە نێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکرات دا ببینێتەوە.

## موخابراتی ڕێژیم دەزگای کامپیوتێری هاووڵاتیان کۆنترۆڵ دەکا

شیرکەتی موخابراتی ئێران لە ڕێگای ناردنی "کارتی ئینتێرنێتی بە خۆڕایی" یەوە بۆ ئیمەیلی یاهوو، کامپیوتێری هاووڵاتیانی نێوخۆی وڵات کۆنترۆڵ دەکا.

بە پێی ئەم هەواڵە شیرکەتی موخابراتی ئێران بە ناردنی ئیمەیلێك بۆ سەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی کە لە کۆمپانیای یاهوو ئیمایلیان کردۆتەوە، دەیەوێ سەرجەم بابەتەکانی سەر کامپیوتێری شەخسی هاووڵاتیان کۆنترۆڵ بکا. موخابراتی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە ئێران تلیکۆم ئیمەیلێك لە ژێر ناوی کارتی "ئینترنێتی بە خۆڕایی" بۆ ئیمەیلەکانی یاهوو دەنێرێ. کاتێك کە ئیمەیلەکە بکەیەوە" key logger" ێکی ٣٢ کیلۆ بایتی دەکەوێتە سەر دەزگای کامپیوتێرەکە و دوای ئەو هەر نووسراوەیەك لە سەر دەزگاکە تایپ بکرێ دەستبەجێ بۆ ئادرەس ئیمەیلی research@irantelecom.Ir دەنێردرێ و بە تەواوەتیی کۆنترۆڵ دەکرێ. تەنیا ڕێگەی دەرباز بوون لەم داوە ئەوەیە کە دەبێ ئیمەیلەکە بە بە نەکراوەیی دیلێت بکرێ.

## بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست دا



لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی نوامبری ٢٠٠٨ کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری نیوفالێرتای میکزیك لە ژێر دروشمی وڵامی جیهانبینانەی سۆسیال دێموکرات بۆ قەیرانی ئابووریی جیهان پێك هات. لە سەر بانگهێشتنی SI شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست و کامران باڵنوور، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئەمریکا بەشدار بوو.

شایانی باسە شاندی حیزب بێجگە لە بەشداریی لە دانیشتنە دوو ڕۆژەکەی SI دا لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ ئەم کەس و لایەنانەی خوارەوە دیدار و چاوپێکەوتنی پێك هێنا:

- گواتی مۆك کاردێ ناس سۆلۆژ سانۆ، جێگری پارتی شۆڕشگێری دێموکراتی میکزیك
- ئانتی گۆن، ڕاوێژکاری پاپاندرۆ و هەروەها جێگری سەرۆکی ژنان لە سۆسیالیست ئینتێرناسیونال و ئەندامی پاسۆك
- میتگ مۆن، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و سەرۆکی گرووپی کوردان لە لیبرپارتی
— ماریا مەنۆئێل ئەگۆستۆ، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی پرتەقال
— هۆکان یوهۆڵت، ئەندامی پارلمانی سوئید و جێگری سکرتێری سۆسیال دێموکراتی سوئێد
- هاش ئەحمەد، وەزیری دارایی پۆلیساریۆ
- فاتیمە مەحید، سکرتێری ژنان پۆلیساریۆ
- ئەحمەد مولای عەلی، بالوێزی پۆلیساریۆ لە مکزیك
- ئاناهید سیتێ فانیە، لە حیزبی سۆسیالیستی ئەرمەنستان
— هۆگۆ سۆسە، پارتی سۆسیالیستی ئەوروپا
- لیسە کریستۆفێرشن، ئەندامی پارلمانی نوروێژ
- ماریا هێفزی، مشاوری سیاسی لە حیزبی کارگەی نوروێژ.

شاندی حیزب لە سەرجەمی دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زیندانیانی سیاسیی خستە بەرباس.

## لە ئاکامی تێکهەڵچوونی هێزەکانی ڕێژیم و خەڵك دا ٨ کەس بریندار دەبن



هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر کاسبکاران و لە ئاکامی تێکهەڵچوونی هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم و خەڵکی ناوچەکەو تەقەی چەند کەسێکی نەناسراو، ٨ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بە توندی بریندار دەبن.

هەواڵنێری ناوەندەی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز" لە شاری بانە پێی ڕاگەیاندین کە ڕۆژی، ١٠ی سەرماوەز هێزەکانی ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە شاری بانە هێرشیان کردە سەر کاسبکاران لە بازارچەی "کۆخی حەمە چاوڕەش" لە ناوچەی حەوتەوانانی ئەم شارە و زۆربەی بار و کەلوپەلی کاسبکارانیان کە بریتی بوون لە گازۆئیل و نەوت و سیگار، ئاور تێبەردا.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە بەرانبەر ئەم هێرشەی هێزەکانی ڕێژیم دا خەڵکی ئاوایی "ئاڵوەت"ی شاری بانە دەستیان دایە نارەزایەتی دەربڕین و بە ژن و پیاوو گەورەو چووکەوە بەرەنگاری هێزە سەرکەتکەرەکانی ڕێژیم بوونەوە و زیانیان بە چەند ماشێنێکی هێزەکانی ڕێژیم گەیاند کە لە بەرانبەر دا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم فشاریان بۆ خەڵکی ئاوایی ئاڵوەت هێنا کە دەبێ لە بری ماشێنەکانیان چەند ماشێنێکی خۆیان تەحویل بەوان بدەن کە ئەم داوایەش لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە لە گەڵ نارەزایەتی بەرەوڕوبوو.

بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکە هێزەکانی ڕێژیم بە چەند ماشێنێکەوە گەڕانەوە بۆ کۆخی حەمە چاوڕەش و داوایان کرد کە لە شاری بانەوە هێزی کۆمەکییان بۆ بنێرن. کاتێك کە خەڵکی گوندی ئاڵوەت هەستیان بەم پیلانەی هێزەکانی ڕێژیم کرد بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەیان بە دانانی بەرد جادەکەیان گرت. لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی ئاوایی ئاڵوەت و لە کاتی لابردنی بەردەکانی سەر ڕێگا، چەند چەکدارێکی نەناسراو هێرش دەکەنە سەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و تەقەیان لێدەکەن و لە ئاکام دا ٨ کەس لە دژی گەلییەکان بە توندی بریندار دەبن و باقی هێزەکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچەکە دوور دەکەونەوە.

بە پێی زانیارییەکان دوای گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی بانە بە هۆی کاری بوونی برینی چەند کەسێکیان، بۆ نەخۆشخانەی سنە رادەگوێزرێن.

هەر لەم پێوەندییەدا ناوەندی هەواڵ "کوردستان و کوردنیوز" بڵاوی کردەوە کە یەکێك لە بریندارەکان کەسێکە بە ناوی سەرهەنگ تورابی.

سەرهەنگ تورابی بەرپرس و فەرماندەی هێزە سەرکوتکەرەکانی سەر سنووری ناوچەی بانەیە و یەکێك لەو مۆرە جەنایەتکارانەی ڕێژیمە کە دەستی بە خوێنی دەیان کاسبکاری بێ تاوانی سەر سنوور سوورە.

# لە ڕێوڕەسمێك دا یادی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی کرایەوە

## دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی کۆتایی پێ هات

هاوکات لەگەڵ ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی ، جەژنی کۆتایی دەورەی ١٨٥ی ئەو فێرگەیە بەڕێوەچوو

ڕۆژی پێنج شەممە ٧ی سەرماوەز، هاوکات لەگەڵ ساڵوەگەری ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جەژنی کۆتایی دەورەی ١٨٥ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و دانیشتوانی کەمپەکانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و ڕێژەی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد. پاشان تیپی وەرزشکارانی بەشی فێرکردن و پەروەردەی حیزب چالاکی و نمایشێکی جوانیان لە هونەرە ڕەزمییەکان پێشکەش کرد. بەشی دوویەمی ڕێورەسمەکە کە لە ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان دوای خولێك وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بەم جۆرەی خوارەوە درێژەی پێدرا.

سەرەتا حەسەن قادر زادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبدا، وێڕای پیرۆزبایی یادی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگە و کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی ١٨٥، تیشکی خستە سەر بەردەوامیی کارو تێکۆشانی ئەو ناوەندە کە ماوەی چارەگە سەدەیەك بەو پەڕی زەحمەت و ماندوویی نەناسییەوە خەریکی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی نیشتمانە.

قادر زادە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو ناوەندە وتی: پاش دیارکەوتنی ماهییەتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و بێ ئاکام مانەوەی هەوڵە ئاشتیخوازیی و دیپلۆماسییەکانی حیزبی دیموکرات، ئەو حیزبە وەك هێزێکی بە توانا و بە ئەزموونی نێو گۆڕەپانی خەبات دژی سەرەڕۆیی هەستی بە دامەزراندنی ناوەندێکی فێرکردن بۆ ئەوەی ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی لە هەموو قۆناخەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی دا کە بە هەستێکی شۆڕشگێرانەوە دێنە مەیدانی خەباتەوە، هەستی شۆڕشگێڕیان بۆ شعوورێکی شۆڕشگێری بگۆڕێ و ئەو سەرمایە مرۆڤییە بکاتە هێزێکی خاوەن بیر و بڕوا و بە ئەزموون.

لە درێژەی باسەکەی دا قادر زادە باسی لە گرنگی مۆدێرنیزە کردنی ڕێکخرا وو دامودەزگاکانی حیزب بە گشتی و هێزی پێشمەرگە بە تایبەتی کرد، بە مەبەستی خۆ ئامادە کردن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوانکرا و لە نەکاو لە پێناو دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایشی کوردستان و پاراستنی سەر و سامانی خەڵکی کورد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمی ٢٥ ساڵەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب دا داوا لە کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە- کە دوای سەفەرێك بۆ









دەرەوەی وڵات گەڕابۆوە نێو هاوسەنگەرانی ـ کرا کە چەند وتەیەك پێشکەش بکات. مامۆستا لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب، بە هێنانەوەی چەند وتەیەکی شەهید دوکتور قاسملوو، سەبارەت بە پێشمەرگە و کادری سیاسی وەك ئەڵقەی پێوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قسەی بۆ بەشداربوان کرد و وتی: دەبێ ئەم حەڵقەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە هێز بکرێ و بە زانیارییەکانی ڕۆژ چەك بکرێ.

پاشان برایم چوکەڵی بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی وتارێکی سەبارەت بە قۆناغەکانی کاری فێرگە لە حیزبی دێموکرات دا پێشکەش کرد.

ناوبراو لە دەسپێکی وتارەکەی‌دا باسی لە قۆناغی بەر لە دامەزرانی فێرگەی کردو وتی: ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەرکی فێرکردن و بارهێنانیان بە شێوەی پچڕ پچڕو بە گوێرەی سەلیقەی جیاواز لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوە دەچوو کە لە جێی خوێدا شتێکی باش و بە کەڵك بوو. بەڵام بە هۆی هەلومەرجی دژوارو هەندێك هۆکاری دیکە ئەو دەورە ئاموزشیانە تەمەنیان کەم بووو ڕێك و پێك بەڕێوە نەدەچوون و مەودای ئیدامە کارییان نەبوو.

بەرپرسی فێرگە لە درێژەدا باسی لە هۆکارو چۆنیەتی دامەزرانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی کردو وتی: بە هۆی هاتنی بەربڵاوی لاوان بۆ ریزەکانی حیزب لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بەرینبوونەوەی بەرەکانی شەڕ کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە، ئەو دەورە سەرەتاییە پچڕ پچڕانە چیتر وڵامدەری هەلومەرجەکە نەبوون، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ لە سەر پێشنیاری فەرماندەرانی نیزامیو بە هەستکردن بە پێویستیی پەروەردەی زیاتر، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ئۆرگانێك بە ناوی "کۆمیسیۆنی پێشمەرگە" پێك هات کە یەکێك لە بەشە بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە ڕاهێنانی سەرەتایی پێشمەرگە بووو لە گوندی بێتووشی ناوچەی سەردەشت دەستی بە کارەکانی کرد.

کۆمیسیۆنی پێشمەرگە سەرەتا ساڵی ١٣٦١ لە سەر بڕیاری ڕێبەری حیزب، زانکۆی حیزبی دامەزراند کە زانکۆی حیزب پاش چەند دەورە ساڵی ١٣٦٢ ناوەکەی بۆ فێرگەی سیاسی ـ نیزامی گۆڕدرا.

دوا بە دوای وتارەکەی برایم چوکەڵی راپۆرتی ئامووزشی فێرگەو پەیامی دەورە لە لایەن هەر یەك گەلاوێژ حەسەن زادە لە مامۆستایانی فێرگەو یوسف برایم خاس لە بەشدارانی دەورە خوێندرایەوە.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بە پێی نەریت چەند کەس لە سەرکەوتووترین و بە دیسیپلین ترین بەشدارانی دەورە خەڵات کران. شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکانی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروودو مەقام پێشکەش کران و ڕێوڕەسمەکە پاش دوو کاتژمێر بە شاییو هەڵپەرکێی بەشداران کۆتایی هات.

# سانسۆڕ، تیغی تیژی ڕێژیم دژی ئازادی ڕادەربڕین و نووسەران

هەژیر عەبدوڵڵاپوور

**ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی سادەی سانسۆڕ بکەین، دەبێ بڵێین هەر کردەوەیەك ئازادی ڕادەربڕین بخاتە مەترسییەوە، سانسۆڕە.**

خومەینی دامەزرێنەری حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٥٧ لە ئاخاڤتنێکیدا ڕوو بە ڕێژیمی شا لە پاریس وتبووی: "خەڵك کوا ئازادییان هەیە کە ئەوا دەم لە ئازادی وەردا (باسی ئازادی دەکەن)"... یەکێك لە بنەماکانی دێموکراسی ئەوەیە خەڵك ئازادییان هەبێ... کام لەو ڕۆژنامانەی هەمانە ئازادییان بوو؟ بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوای بەڵێنەکانی پاریس، ڕێژیمی خومەینی تیغی سانسۆڕو پەراوێزی زۆر توندتر لە ڕێژیمی پەهلەوی بە ئامۆژگاریی شوورەییانەی، "... ئەو قەڵەمانە بشکێنن... خستە گیانی وتەو پەیڤ و وێنەو نووسەرو شاعیرو ڕۆژنامەوان و هونەرمەندان و یەکەمین هەنگاوی داخستنی بڵاوکراوەی "آیندگان"و سانسۆڕ کردن و ئازاردانی نووسەران بوو. خومەینی هەر لەو پێوەندییەدا ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ وتی: "...ئەگەر لە سەرەتاوە قەڵەمی هەموو ڕاگەیەنە بەکرێگیراوەکانمان شکاندبایەو هەموو گۆڤارو بڵاوکراوە گەندەڵەکانمان داخستبایەو پارتە گەندەڵەکانمان قەدەغە ڕاگەیاندباو سەرۆکەکانیانمان بە سزای خۆیان گەیاندبایەو سێدارەکانمان لە گۆڕەپانە گەورەکان چەقاندباو (مفسدین و فاسدین)مان ڕاماڵیبا، تووشی ئەو زەحمەتە نەدەبووین. من تۆبە دەکەم لەو هەڵەیەی کە کردوومانە.خومەینی بە دەرکردنی ئەمجۆرە فتوایە، بە ترس لە تواناو بڕستی قەڵەم شمشێرەکەی بۆ سەربڕینی شەرعیی نووسەر لە قەدی داو لە یەکەم هەنگاوە پڕ شوورەییەکانیدا سیمون فەرزامی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ژورنال دو تهران" کە بە زمانی فەڕانسەیی دەردەچوو لە سەرماوەزی ١٣٥٩ لە تەمەنی ٧٠ ساڵەییدا تیرباران کردو لە قۆناغەکانی دواتردا عەلی ئەسغەر ئەمیران، بەڕێوەبەرو سەرنووسەری گۆڤاری حەوتووانەی "خواندنی ها"، سەعید سوڵتانپوور یەکێك لە ئەندامانی ( هیئت دبیران کانون نویسندگان)، جەلال هاشمی تەنگستانی، حەمید ڕزوان و عەتائوڵڵا نووریان، ئەو نووسەرو شاعیرانەن کە لەو ساڵانەدا یەك بە دوای یەك ئێعدام کراون.

دواتر سووکایەتی، هەڕەشە، ترساندن، قامچی، گرتووخانە، ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنی نووسەران بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی پێ دراو ساڵی ١٣٧٧ بە کوشتنی حەمید حاجی زادە شاعیرو کوڕە دە ساڵەکەی کارون، مەجید شەریف، پیروز دوانی، محەمەد موختاریو محەمەد جەعفەر پوویەندەو فروهەرەکان کوشتنی نووسەران خێرایی پێ بەخشراو ڕۆژنامەکان بە کۆمەڵ بە خێرایی داخران.

بەڵام سەرەڕای توندوتیژتر بوونی کەشی ترس و تۆقاندن و کوشتنی، نووسەران و قەڵەمبەدەستان هەروا بە دوو خاڵی بنەڕەتیی ئازادییو پاڵ وەدەسەڵات نەدان وەفادار مانەوەو ئەگەرچی دەیان کەسیان لە پێناو پەرەپێدانی ئازادیی بیرو بۆچوون و ڕادەربڕین گیانیان بەخت کرد، لە بەرانبەر ئەو شەپۆلە ڕوو لە گرژییەی سانسۆڕ بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییو بێزاری خۆیان دەربڕیوەو ساتێك بێ دەنگ دانەنیشتوون.

لەم ساڵانەی دواییشدا کاربەدەستانی ڕێژیم بەردەوام بە بیانووی بێ بنەمای وەك شەڕ لەگەڵ خودا، هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی، شێواندنی بیروڕای گشتی و...ساتێك لە دەسبەسەر کردن و سەپاندنی حوکمی قورس بە سەر جیابیران و نووسەران خافڵ نەبووەو لە نوێترین هەنگاوەکانی خۆی لە ماوەی ئەم چەند حەوتوویەی دواییدا، نووسەران و چالاکانی مەدەنی کەماڵ شەریفی، مەسعود کوردپوور، یاسر گوڵی، ئەفشین شەمس کاریکاتۆریستی ئیسفەهانی، یوسف عەزیز بەنی تەروف و دەیان کەسی دیکەیان ڕاپێچی گرتووخانەکان کردوە.

بەڵێ، کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەت نووسەران و هونەرمەندانی چەندین ساڵە لەگەڵ دیاردەی سانسۆڕ دەستەویەخەیە، بەڵام لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا ئەو دیاردەیە ئەوەندە بەربڵاوترو توندوتیژتر بووە کە جگە لە قەڵاچۆی فەرهەنگی ناتوانین ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزینەوە. هەر لەم پێوەندییەدا ناوەندی نووسەرانی ئێران خەزەڵوەری ئەمساڵ ڕۆژی سێزدەی سەرماوەزی لە تەڤگەرێکی شایانی دەستخۆشی (پێدا هەڵگوتن)، لە پێناو خەبات دژی سانسۆڕ ڕاگەیاندوەو هەر وەك لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە بەندەکانی ١٨و ١٩دا هاتووە: "هەر کەسەی مافی ئەوەی هەیە کە بە هەر چەشنێك بیەوێ بەرهەم و ئەندیشەکانی خۆی دیاری بکاو بڵاویان کاتەوە"، ئێمەش ئازادیی بیروڕاو دەربڕین بە مافی سروشتی هەر مرۆڤێك دەزانین و هیوادارین لێوی تیغی سانسۆڕ بۆ هەمیشە بارگەو بنەی لە نیشتمانەکەمان بپێچێتەوەو ڕێز لە ئازادی بیرو بۆچوون و ڕادەربڕین بگیرێ.

**بەیاننامە:**

# چرای بیری قوربانیانی قەتڵە زنجیرەییەکان بە داگیرساوی دەمێنێتەوە

دە ساڵ لەمەوبەر بە تایبەتی لە مانگەکانی خەزەڵوەر و سەرماوەزدا، کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگیی جیابیری وڵاتی ئێران، بە پێی نەخشەی لەپێشدا داڕێژراوی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دڕندانەترین شێوە تیرور کران.

لە ٢٨ی خەزەڵوەردا، داریووش و پەروانە فرووهەر، ڕێبەرانی حیزبی میللەتی ئێران لە ماڵەکەی خۆیان لە تاران، بەو پەڕی بێ ڕەحمییەوە گیانیان لێ ئەستێندرا. لە مانگی سەرماوەزیشدا تەرمی محەممەد موختاری و محەممەد جەعفەر پوویەندە (ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێران) بە بێ گیانی و لە حاڵێکدا شوێنەواری لێدان و ئەشکەنجە و خنکاندنیان پێوە دیار بوو، دۆزرایەوە. پێشتریش ئەحمەد میرعەلایی، غەففار حوسێنی، ئەحمەد تەفەزولی، برایم زاڵزادە و هتد، چارەنووسێکی لەم چەشنەیان تووش ببوو. چارەنووسی هێندێك قوربانیی دیکەی دەزگای تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لەو ساڵەدا بۆ وێنە مەجید شەریف و پیرووز دەوانی، تا ئێستاش روون نەبۆتەوە.

ئەم تاوانانە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا، بە قەتڵە زنجیرەییەکان، ناویان دەرکردوە، بە دەیان و تەنانەت سەدان کەسی جیابیرو ڕەخنەگری بواری جۆراوجۆری سیاسی، فەرهەنگی و ئایینیان کردبوو ئامانجی خۆیان تا بە گوناهی جیابیری و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ملکەچ نەکردن بۆ سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەر کام لە بوارەکاندا، لە نێویان ببەن. قەتڵەکان بە هاندانی ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی و، بە پێی فتوای ئاخوندەکانی سەر بە نیزام و، بە گوێرەی نەخشە و پیلانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ڕێژیم، بەڕێوە دەچوون. لە راستی دا ئەم زنجیرە تاوانانە، زۆر پێشتر لە مانگەکانی خەزەڵوەرو سەرماوەز، دەستیان پێ کرابوو. بڕیاری دەزگای تاوان و سەرکوت ئەوە بوو لە هەموو بوارەکان و لە نێو هەموو تەیفە ناحکوومەتییەکاندا، کەسایەتییە سەربزێوەکان‌و، بە نفووزترین جیابیران و ڕەخنەگران، لە نێو ببرێن تا خەڵك عیبرەت گرتوو و چاوترسێن ببن. سیاسییە بە هەڵوێستەکان، کەسایەتییە فەرهەنگییە ڕەخنەگرەکان، رووناکبیرانی چەپ و نەتەوەیی، کەسایەتییە ئایینییە جیابیرەکان، گرووپە ناڕازییەکانی سوننی و شیعە، هەموویان لە روانگەی دەسەڵات بەدەستانەوە، کەوتبوونە بەرەی "باطل" و بەرانبەر بە "حەق" وەستابوون. بۆیە هەر رۆژەی لە شوێنێکی ئێران، کەس یا کەسانێك بە شێوەی گوماناوی لە نێو دەبران. دیارە زۆرترین قوربانییەکان لە توێژی خاوەن فکرو رووناکبیر و قەڵەمبەدەست کە بە کاری فکری‌و فەرهەنگی کەوتبوونە دژایەتیی جەهل‌و تاریکی‌و دیکتاتۆری، دەستێندران.

پەرەستاندنی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی کە لە هێنانە سەر کاری خاتەمی‌و گۆڕانەکانی دواتردا خۆی دەرخست، دەسەڵاتبەدەستانی کۆنەپارێزی پتر لە پێشوو ترساندو وای لێ کردن بێ شەرمانەتر لە پێشوو بکەونە تۆڵەستاندنەوەو تاوان خولقاندن بەڵام هەرچی ژمارەی تاوانەکان زیاترو قوربانییەکان دیارتر دەبوون، نەفرەت‌و بێزاری لە تاوانخولقێنان لە هەناوی کۆمەڵدا پتر پەرەی دەستاند. لە ئاکامدا قەتڵەکانی خەزەڵوەر و سەرماوەزی ١٣٧٧ هەر وا بە هاسانی بە سەر ڕێژیم دا تێ نەپەڕین. بە بەرەکەتی ئازایەتیی پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی، بە تایبەتی ئەندامانی بوێری کانوونی نووسەران و رۆژنامە و رۆژنامەنووسانی نەترس و، بە پشتیوانیی خەڵکی تامەزرۆی ئازادی و گۆڕان، پەردە لە رووی دزێوی دەزگای تاوان و جاسووسی لا درا. ڕێژیم ناچار کرا وەزیری ئیتلاعات لە سەر کار لا ببا و ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ئەو دەزگایە دەست بە سەر بکا. بەڵام زۆری نەخایاند دەرکەوت دەسەڵاتبەدەستان کە ئەم تاوانانە بە فەرمانی خودی ئەوان کرابوون، نیازی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە و روونکردنەوەی راستییەکان بۆ خەڵك و، سزادانی تاوانبارانیان نیە. لە نێو بردنی گوماناویی سەعید ئیمامی، کە وەك مۆرەی سەرەکیی ئەنجامدانی ئەو زنجیرە قەتڵانە ناوی دەرکردبوو، پێکهێنانی دادگای رواڵەتی بۆ موحاکمەی تاوانباران و ڕێگە نەدانی بنەماڵەی قوربانییەکان و پارێزەرەکانیان بۆ ئەو بەناو دادگایانە، لەو نیشانانە بوون کە هەر زوو نیازی چەپەڵی ئەو ڕێژیمەیان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی ئەو تیرۆرانەدا دەرخست. دواتریش دیتمان هەم ئەو وەکیلانەی شێلگیرانە و ئازایانە بە شوێن پەروەندەی قوربانییەکانەوە بوون، هەم ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسە بوێرانەی تیشکیان خستووە نێو "تاریکخانەی اشباح" و، ڕفاندن و بێ سەروشوێن کردن و کوشتنی جیابیرانیان لە لایەن دەزگای سەرکوت و جاسووسیی ڕێژیمەوە لە قاو دابوو، لەگەڵ پەروەندەسازی و زیندان و گرفتی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بوونەوە. هەمووی ئەم تۆڵەستاندنەوانە لە بەرچاوی سەرکۆمارو دەوڵەت و مەجلیسێك ئەنجام دران کە هاتنە سەرکاریان، بەبێ ئەو هەمووە قوربانیدانەی خەڵك لە رەوتی خەبات بە دژی دیکتاتۆری و پاوانخوازی و کۆنەپارێزی دا، مومکین نەبوو.

ئێستا کە ١٠ ساڵە بەسەر ئەم زنجیرە تاوانەدا تێ دەپەڕێ، نەك هەر راستییەکانی پێوەندیدار بەو قەتڵانە، ئاشکرا نەکراون و، عەداڵەت لە بارەی بڕیاردەران، ئەنجامدەران و تاوانبارانی ئەم تیرۆرانە بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو بە هاتنە دەری دەوڵەت و مەجلیس لە دەستی ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی لەو ماوەیەدا و، هاتنەسەر کاری تاقمێك مۆرەی دەست پەروەردەی دام و دەزگا بەدناوەکانی ئەم ڕێژیمە، دووبارە مەیدان بۆتەوە بە مەیدانی دەسەڵاتی مافیایی و، قۆناغێکی نوێ لە سەرکوت و دەمکوتی هەر دەنگێکی ناڕازی و هەر کەسێکی جیابیر دەستی پێ کردۆتەوە. چالاکانی مەدەنی و داواکارانی ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ پەروەندەیان بۆساز دەکرێ و، حوکمی زاڵمانە و تەنانەت سزای ئیعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ. هەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان چالاکی مەدەنی بریتی لە ژنانی یەکسانیخواز، خوێندکارانی خەباتگێڕ و لاوانی داواکاری مافی نەتەوەیی لە زیندان دان و، ژمارەیەکیان بە ئیعدام مەحکووم کراون. بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە زەبروزەنگ و سەرکوت و پەلامارە، بەربەرەکانێ بە دژی کۆماری ئیسلامی و خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوەیی، تا دێ بەرینتر دەبێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ١٠ ساڵەی قەتڵە زنجیرەییەکاندا، سڵاو بۆ یادی قوربانییانی ئەم زنجیرە تاوانانە دەنێرێ و، وێڕای دووبارە کردنەوەی هاودەردی لەگەڵ بنەماڵە و ئۆگرانی ئەوان، ئەم نوخبەکوژییە بێ‌شەرمانەیەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە مەحکووم دەکاتەوە.

حیزبی ئێمە پێشوازی و پشتیوانی لە هەموو هەوڵێکی هاوبەشی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی وڵاتی ئێران بە مەبەستی روونبوونەوەی راستییەکانی پێوەندیدار بەم تاوانانە و بەڕێوەچوونی حوکمی عەداڵەت لە بارەی داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی ئەو جینایەتانە دەکا.

ئێمە ناودێر کردنی رۆژی ١٣ی سەرماوەز بە رۆژی بەربەرەکانێ لەگەڵ سانسۆر لە لایەن کانوونی نووسەرانی ئێرانەوە، وەك ڕێزنان لەو نووسەرە ئازادیخواز و بوێرانە سەیر دەکەین کە بیرو قەڵەمی خۆیان بۆ داکۆکی لە ئازادیی بیروڕا تەرخان کرد و گیانیان لە شەڕی دردان بە شەوەزەنگی بێدادی و دیکتاتۆری و تێك شکاندنی تەلیسمی خەفەقان و سانسۆردا بەخشی. لە سەر ئەو بڕوایەشین کە دەبێ بە خەباتی بێ وچانمان لە پێناوی گۆڕکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جێگر کردنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا، چرای بیری قوربانییەکانی دەزگای سەرکوت و تاوانی ئەو ڕێژیمە، هەر بە داگیرساوی بێڵینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١١ی سەرماوەزی ١٣٨٧
١ی دیسامبری ٢٠٠٨

**درێژەی:**

## ڕێگە لە بەتاڵانبردنی شوێنەوارە کەونارو مێژووییەکان بگرین

کەواتە پێویستە هەر تاکێکی کورد کە شانازی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیەوە دەکا هەست بە ئاستی مەترسیداری درێژەکێشانی ئەم سیاسەتە دوژمنانەیە سەبارەت بە نەتەوەی کورد و مێژووەکەی بکاو بەرەنگاری ئەم سیاسەتە بێتەوە. لەم بارەیەوەش سەرەتاییترین و ساناترین کار ئەوەیە لەلایەك هاونیشتمانییان لە ئامانجەکانی بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی بێ شوناس کردن و شێواندنی مێژووی نەتەوەکەمان کراون و دەکرێن ئاگادار بکەنەوە و لە لایەکی دیکەوە قێزەونیی هاودەستی و یارمەتیدانی باندەکانی تاڵان و دزیی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان لە قاو بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە هەموو بەرنامەکانیدا بۆ داهاتووی کوردستان، بە بایەخەوە روانیویەتە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و پەرەپێدانی کولتووری کوردی، وەك هەمیشە سیاسەتی بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان لە قاو دەدا و مەحکوومی دەکا. هەر بۆیە داوا لە هەموو هاونیشتمانانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا لە ئاست ئەم تاڵانکارییە نوێیەی لە شوێنەواری مێژوویی زاگرۆس لە سنە کراوە بێ دەنگ نەبن و ناڕەزایەتی نیشان بدەن.

خەڵکی ئازادیخواز و چەوساوەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەزموونی چەندین ناڕەزایەتیی گشتی و نافەرمانیی مەدەنییان هەیە باش لەم راستییە ئاگادارن کە بێ دەنگ مانەوەو دەست لە سەر دەست دانان لە ئاست سیاسەتی دژە کوردانەی ڕێژیمی ئیسلامی دەبێتە هۆی چیرەگرتووتر بوونی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ لە سەر سیاسەتەکانیان. کەواتە تەنیا ڕێگەی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە دژە کورد و دژەئازادییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوردستان راوەستان و خۆڕاگریی جەماوەری خەڵك و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەمیشە پێداگریی لە سەر هەموو شێوازەکانی خەبات و بە تایبەتی نافەرمانیی مەدەنی و ناڕەزایەتیی گشتی کردۆتەوە چاوەڕوان و هیواداره ئەمجارەش تێکۆشەران و چالاکانی رۆژهەڵات و بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان دژی سیاسەتی تاڵانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان بوەستنەوەو ویست و ئیرادەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی خۆیان بە کاربەدەستانی دژە کوردی ڕێژیمی ئیسلامی نیشان بدەنەوە.

# لە لوتکەی دۆستایەتییەوە تا ئەوپەڕی دوژمنایەتی

مانێشت ئیلامی

پیوەندییـەکانی نێـوان ئێـران و ئیسرائیل بـەر لـە شۆڕشـی ١٩٧٩ی ئێران و لە سەردەمی رژیمی" شا"ی پێـشوودا یـەکێك لــە پێوەندییــە ستراتیژییەکانی ئـەم وڵاتـە بوو لـە گەڵ ناوچەکە، هاوکاری ستراتیژی تا ئەو رادەیە زۆر لایەن و رەهەندی هـەبوو کـە تیشك دەخەینـە سـەر چەند بابەتێکیان .

سـەرەتا سیاسـەت و سـتراتیژیی ئێران بەرامبـەر بـە وڵاتـانی عـەرەب کە زۆربەی حەشیمەت و جوگرافیـاو سەرچـاوەکانی نـەوتی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتیان بـە دەسـتەوە بـوو چونکە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لـە بەر ساوا بوونی ناسیۆنالیزمی فارس و هـــەبوونی داوای دەســـەڵاتی مێـژوویی، ئامـانجی ئـەوە بـوو کـە دیسان دەسـەڵاتی کۆنی ئێـران بـە سـەر ناوچـەکەدا زاڵ بکـات و لـە بەرامبـەر ئـەوەدا وڵاتـانی عـەرەب وەکـو بەرەیـەکی دژ هەڵوێـستیان نیـشان ئـەدا و دەوڵــەتی ئێـران پێویستی بە هاوپـەیمانێکی بـەهێز لە ناوچـەکەدا بـوو بێجگـە لـە وڵاتـە عەرەبـەکان، دراوسـێکانی دیکـەی ئێـران وەکـوو تورکیـە، پاکـستان، ئەفغانـستان و تەنانـەت یەکیـەتیی سۆڤیەتی پێشووش لە زۆر فاکتەری مێـــژوویی و سیاســـی و هتـــد، نەیانـدەتوانی ببنـە هاوپـەیمانێکی دڵخۆشکەر و جێی متمانە بۆ ئێران و سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا. بۆیە دەوڵـەتی ئێران پـەنای بـۆ وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان و تەنانـەت ئـەمریکا بردبوو. دانوسـتانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکا بە شـێوازێکی قـوڵ و سـتراتیژی لــە لایەکـەوە و پـشتیوانی و پێوەنـدیی نزیکی نێوان ئـەمریکا و وڵاتـی تـازە دامـەزراوی ئیسرائیل زۆرتـر لێـك نزیکبوونـــەوە و بـــە پاڵپـــشتی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا وکوو دوو هاوپـەیمانی هـاودەرد بـە

**ئیسرائیل و ئێرانی سەردەمی رەزاشا پێویستییەکی ستراتیژیکیان بە دۆستایەتی لەگەڵ یەکتر هەبوو، بەڵام دوای بە ئیسلامی بوونی حکومەتی ئێران، دوژمنایەتیی لە مێژینەی جولەکە وەکوو کێشەیەکی چارەسەر نەکراوی ئایدۆلۆژیی جیهانی ئیسلام رانەگەیەنرا.**

تایبـەت بەرامبـەر بـە عـەرەب بەرەیـەکی دوو لایەنـە پێـك بێـنن و ئەمـەش نیگـەرانیی زۆر لـە وڵاتـانی عەرەبی هێنایە ئاراوە و لاپەڕەیەکی نوێی لە مێـژوویی سیاسـەتی وڵاتـە عەرەبـەکان بەرامبـەر بـە ئێـران کردەوە. هاوکارییـەکی بەهێزی دوو قۆڵی لە ناوچـەکەدا لـە نێوان دام و دەزگا سیاسی و نیزامییەکانی ئێران و ئیسرائیل دروست کرا، تەنانـەت تریبـوونی سیاسـیی ئـێران بـوو بـە ئامێرێـك بـۆ جولەکـە تـا هـەبوونی مێـژوویی خـۆی بـسەلمێنێ. بـە شـێوازێك کـە بـە پێـشنیاری ئیـسرائیلییەکان دەوڵـەتی شـای ئێـران جێـژنی ٢٥٠٠ سـاڵەی رێـك خست کە تێیدا باس لە رزگـاربوونی جولەکەکان بە دەست کورشی شای ئیمپراتورییـەتی ئێـران دەکـرا و ئەمـەش بەڵگەنامەیـەکی کـۆن و مێـژوویی زۆر گرینگی دەردەخست بـۆ جولەکـە کـە تـا لـە لایەکـەوە شوناسی خۆی وەکوو نەتەوەیەکی رەسەن لە ناوچەکەدا رابگەیەنێت و رۆڵـی خـۆی لـە گۆڕانکارییەکانـدا پێناسـە بکـات و لـە لایـەکی تـرەوە ئـەم دەرفەتـە بـەکار بهێنـێ بـۆ نزیکبوونـەوەو کـەڵك وەرگـرتن لـە ئێران و خەڵکەکەی دژبە سیاسـەتی نکۆڵی کردنـی عـەرەب بەرامبـەر بە شوناسـی خـۆی. دەوڵـەتی تـازەی جولەکـە بـاش تـێ گەیـشتبوو کـە دوای هـاتنی رەزاخـان و پێناسـە کردنـی ناسـیۆنالیزمی فـارس لـە ئێران، پان ئێرانیـزم سـەری هـەڵ دا وەکوو گرێیەکی مێژوویی بە رامبـەر بە داگیرکـەری کولتـووری، زمـانی، ئەدەبی، سیاسی و ئـایینی عـەرەب وتووێژی مۆدێرنی کۆمـەڵگای ئێران چیدیکە ئەم چەوساندنەوەیە قبـوڵ ناکـا و دەیـەوێ بگەڕێتـەوە سـەر دیمـۆگرافی کولتـووری و زمـانی ئاینییەکانی خۆی، واتـە ئـەوەی لـە دوای شەڕی قادیسییە تاکوو هـاتنی رەزا خـان لـە دەسـتی دابـوو و ئەمەش خاڵێك بوو بۆ یەکگرتنەوەی پـان ئێرانیـسم و زایـۆنیزمی گـەنج، وەکوو دوو تازە پێگەیشتوو، لە بەر ئەوەی چۆن زایۆنیسم ژیانەوەیـەك بـوو بـۆ جولەکـە، ناسـیۆنالیزمی فارسیش بـە ژیانەوەیـەك لـە قەڵـەم ئەدرا بۆ نەتـەوەی فـارس بەرامبـەر بە شوناسی داگیرکەری عەرەب.

تـا سـەردەمی رووخـانی رژێمـی شـای ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێـران رۆژ لـە دوای رۆژ بـەهێزتر دەبـوون تـا ئـەو رادەیـە کـە زۆر گرێبەسـتی ئـابووری و نیزامـی لـە نێوان هەر دوولا پێك هاتبوو.

دوای لـەنێو چـوونی رێـژیمی پەهلـەوی و دامـەزرانی دەسـەڵاتی نوێ بە شوناسێکی ئیسلامییەوە لـە ئێران دژایەتی کردن لەگەڵ جولەکە و وڵاتی ئیسرائیل بوو بە یـەکێك لـە بنەماکانی بیری رادیکاڵیزمی شیعەی سیاسـی لـە ئێـران. رادیکـاڵیزمی شیعەی سیاسی بە پێناسە کردنـی خـۆی لـە چوارچیوەی "ئیـسلامی رەسـەنی محەمـەدی"دا دوژمنایـەتیی لـە مێژینـە لەگـەڵ جولەکـە وەکـوو کێـشەیەکی چارەسـەر نـەکراوی ئایـدیالۆژی جیهـانی ئیـسلام راگەیانـدو وەکـو دروشمێك لە زاری خومەینی دانا کـە دەبێ خومینی لـە نـاو بچێ شیعە توندڕەوەکان لـە فەلـسەفەی فکـری خۆیان بەرامبەر بە جولەکـە دەڵـێن: زایونیزم دەیەوێ ئیسلام لەنێو ببات و دەسەڵات و حکومەتی جولەکە بـە سـەر هـەموو ئیـسلامدا بـسەپێنێ، بۆیـە تـەواوی پێوەندییـەکانی جولەکـە لەگـەڵ رێـژیمی پێـشووی ئێرانی لە پێناو دوژمنایـەتی لەگـەڵ ئیسلام و ئیسلامێتی لـە ناوچـەکەدا بـووە. دوای بەدەسـەڵات گەیـشتنی شیعەی رادیکاڵ و رێکخستنی خـۆی لـە چوارچـێوەی سیـستمێکی ئایـدیۆلۆژی و بـەهێزکردنی کاراکتـەری ئیمپریـاڵ لـە ئـایینی ئیـسلام و بەشـێکی زۆری ئـەحکام و ستراکچەرەکانی ئیسلام وەك رۆژوو... بـە هەنـدێك دەسـتێوەردان لـە ئـایینی جولەکـە وەرگـیرا و تەنانـەت قەبیلـەی یەکـەمیش بـە دەسـتی جولەکـە دروست کراوەو باوەڕ بە دەرکەوتنی کەسێك کە مرۆڤایەتی رزگار دەکا و دەسەڵاتی دادپـەروەری و یەکسانی لـە سـەرووی هـەموو جیهـان دادەمـەزرێنێ لـە لای جولەکـە رەسـەنترە. ئەمـە لـە لایەکـەوە و باوەڕ بە دەرکەوتنی ئیمـام مەهـدی و جـێگیر کردنـی دەسـەڵاتی دادپەروەریی ئیسلامی لـە سـەرووی هەموو جیهاندا لای موسڵمانەکان بە تایبـەت شیعەی توندڕەو لـە سـەر دەسـەڵات لـە کۆمـاری ئیـسلامی ناوەرۆکەکەیـدا کۆمـاری ئیـسلامی ئـاڵای رێبەرایـەتیی هـەموو موسڵمانەکانی هەڵ گرت و خۆی بە چارەسـەرکەری هـەموو کێشەکانی جیهانی ئیسلام لە قەڵەم دا.



لێـرەدا تیشك دەخەینـە سـەر دژایەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبـەر بە دەوڵەتی جولەکە،

ئـەلف: لـە پێنـاو سیاسەتی دەرەوەدا

یەکـەم: لـە بـەر ئـەوەی ئایدیـدۆلۆژیا و شوناسـی پێکهاتـەی کۆمـاری ئیـسلامی عـەرەبی ئیسلامییە و ناتوانێ بـە شوناس و بیری ئێرانییەت (فارس) جێگایـەکی لـە نێـو عەرەبـە موسـڵمانەکاندا هـەبێت، بۆیـە بـە نزیکبوونـەوە و کاریگەری زۆرتر لە سەر ئەو وڵاتانە کـە بەرەیـەکیان دژ بـە ئێـران پێك هێنـاوە دوژمنایـەتیی جولەکـەو پشتگیری لە موسلمانەکانی لوبنـان و فەلەسـتین دەکـا. چـونکە بـیری سیاسـی وئایـدیۆلۆژیی کۆمـاری ئیسلامی هەر چۆنێك بێ بەشێکە لە بـیری عـەرەب و ئیـسلامییەت نـە ئێرانییەت.

دروشمـی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیی شـیعە تونـدڕەوەکان ئەوەیـە کـە دەبێ شۆڕشی ئیسلامی ئێران بگاتە هەموو وڵاتانی جیهان کە ئەمە خۆی تایبەتمەندییەکی ئیمپریاڵە.

دووەم: ئایـدیۆلۆژیاو ئـایینی جولەکە زۆر کۆنترە لە ئایدیۆلۆژیا و خۆبـەخۆ ململانێـی ئایدیـدۆلۆژی و سیاسی هێناوەتـە ئاراوە لـە نێـوان شیعە و جولەکە. ئـەبێ بوترێت کـە دروشمـی لـەنێو بردنـی وڵاتـی ئیسرائیل لە لایەن کۆماری ئیسلامی بـەر لـە هـەموو شـتێك هەوڵـدانێکی ئایدیۆلۆژییـە بـۆ لـە نـاوبردنی ئایـدیۆلۆژیی ئـایینی دەوڵـەتی جولەکە.

سـێیەم: دەوڵـەتی ئیـسلامی بـە پێشخستنی شەڕو بەرەنگاربوونـەوە لەگەڵ زایۆنیزم دەیەوێ جوغرافیای سیاسـی بـە وتـەی خـۆی جیهـانی ئیسلام فراوانتر بکا و جارێکیتر ئـەو جوغرافیایـەی لـە سـەردەمی سـەلاحەدین ئـەیوبی کـەوتبووە بن دەسەڵاتی سوپای ئیسلام دووبارە پێناسە بکرێ، بەم جیاوازییەوە کـە ئەم جار ناوەندی رێبەرایەتیی ئـەم شـەڕە وڵاتـی ئێـران بـێ و شیعەی توندڕەو وەکـوو نـەوەی نـوێی ئیسلام سەرکردایەتی بکـا. ئـەوەش لـە پێنـاو هـەمان سیاسـەتی ئایدیـدۆلۆژیکی جیهـان لـە ژێـر سێبەری دەسەڵاتی ئیسلام دایە.

چـوارەم: لـە روانگـەی کۆمـاری ئیـسلامییەوە وڵاتـی ئیـسرائیل پارچەیەك لـە جوغرافیـای سیاسیی جیهانی ئیسلام داگیر کـردووەو لـەم رووەوە رادیکـاڵیزمی شـیعە، دەوڵەتی ئیسرائیل بـە سیستمێکی داگیرکەر لە قەڵەم ئـەدا و دەبێ تـا رزگاری ئەم بەشە لە خاکی جیهـانی ئیسلام شـەڕی لەگـەڵ بکرێ. ئـەم چەشنە سیاسەتەش ئـەتوانێ ببێتـە هۆکـاری گـەرەنتی و بـەردەوامیی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا .

پێنجـەم: هێـز و دەسـەڵاتی جولەکـەو لۆبییـەکانی لـە پـشتی پـەردەی سیاسـەت و ئـابووریی جیهانە کە کۆماری ئیسلامی ئەمـە وەکـوو مەترسـییەکی گـەورە بـۆ سـەربەخۆیی و بەرژەوەندییـەکانی سـەیر دەکـا. بۆیـە هـەوڵ دەدا زۆربـەی هێـزو توانـای دەوڵـەتی جوولەکە لە رێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەب و کێشەکانی نـاوخۆی بـە کـار بهێنـرێ. چـونکە کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕە دایە کـە سیـستمی جولەکـە خـەبات و تێکۆشـانی هەمەلایەنـە دەکـا بـۆ پاکتاو کردنی ئیسلامیەتی .

شەشەم: باڵادەست بوون بە سەر سەرچـاوەکانی نـەوت و گـاز لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا و پێویستی کۆمـاری ئیـسلامی بـە سـەرمایە. سیـستم و بناغـەکانی ئـابووریی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییەکەی لـە چـاو وڵاتـانی رۆژئـاوا زۆر دواکەوتووە و ناتوانێ ئامێری بەهێز بـوونی ئـەم وڵاتـە بـێ بۆیـە سەرچاوەکانی نـەوت و گـاز تـەنیا رێگاو هیوای گەیشتن بـە سـەرمایەو بەهێزبوونیەتی و ئەگەر ئەمـە نـەبێ کـارگێڕانی ئـەم سیـستمە توانـای ئەوەیان نـابێ وڵاتـی ئێران بـەڕێوە بـەرن. بۆیـە کۆمـاری ئیـسلامی دەیـەوێ لـە ژێـر سـێبەری دژایـەتی کـردن لەگـەڵ جولەکـەدا چـەند ناوەنـدێکی دەسـەڵات لـە دەرەوەی ئێران پێك بهێنـێ و وەکوو رانتخـۆر بە شێوازی نایاسایی لە داهاتـەکانی فرۆشی نەوت لە هـەموو ناوچەکەدا پشکی هەبێ، هەر وەکوو ئەوەی کە ئێستا لە باشووری عێراق دەیکات و رۆژانـە بـە هـەزاران بـەرمیل نـەوتی عێراق قاچاخ ئەکرێ لە لایەن باندە شیعەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی و بە هاوکاریی سوپای پاسداران و لـە بـازاڕی ڕەشـی ناوچـەکەدا دەفرۆشرێ.

هەفتـەم: قـەبارەی کولتـووریی کۆماری ئیسلامی زۆر تەنگ و دوگم و دواکـەوتووە و ناتوانێ لـە ئاست شـەپۆلی کولتـووری و ئـابووریی پێشکەوتنخوازی رۆژئـاوا خـۆڕاگری بکا و سەرەڕای ئەو هەموو فیلتەر و ئاستەنگ و گوشارەی دەیخاتـە نێـو خـەڵکی نێوخـۆی ئێـران دیسان تێکـەڵبوون و پێوەنـدی لەگـەڵ کولتـوور و تێکنۆلـۆژی و داب و نەریتەکانی وڵاتان و گەلانی رۆژئـاوا یەکێکە لە داخـوازە سـەرەکییەکانی چینی نوێی ئەم وڵاتە. بۆیە کۆماری ئیسلامی جیاواز لـەو ئاستەنگانەی لـە نێـوەوە بـۆ خـەڵکی ئێـران خوڵقاندوونی لـە تەنیشت دژایـەتی کـردن لەگـەڵ جوولەکـە و لـە ژێـر نـاوی پـشتگیری لـە نەتـەوەی فەلەستین و هتد دەیـەوێ بەرانبـەر بە شارستانییەتی مۆدێرنی رۆژئـاوا لە رۆخەکانی دەریای سپی قەڵغانێك دابنـێ لـە لایـەك بـە ئاسـودەیی سـەرکوتی خـەڵکی نێوخـۆی ئێـران بکاو دەسەڵاتەکەی گـەرەنتی بکـات و لـە لایـەکی دیکـەوە، گۆڕەپـانی شەڕ لەگەڵ رۆژئاوا لە سنوورەکانی ئێـران دوور بخاتـەوەو خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستیش بۆی ببێتە پشتی بەرە تاکوو باشتر بتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکات .

قەیرانـــسازی تایبەتمەنـــدیی ئۆرگـانی و ئایـدیۆلۆژی پێکهاتـەی کۆمـــاری ئیـــسلامییە و ئەمـــەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئایدیۆلۆژیا و بیرەی کـە ئـەم سیستمە بـەڕێوەی دەبات. باڵی توندڕەوی شیعە لـە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی کـە پارێزکاران و هێنـدێك پێیان دەڵێن "حوججـەتیوون" لـەو بـاوەڕە دان ئیمام مەهدی کاتێك دەردەکەوێ کە هـەموو دنیـا پـڕ لـە ئـاژاوەو بـێ ئـەخلاقی بـێ و گەنـدەڵی تـەواوی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی بگرێتـەوە. ئەرکی سـەرەکیی دەوڵـەتی شیعە ئەوەیـە کـە تـێ بکۆشـێ ئـەم هەلومەرجـە بـۆ دەرکـەوتنی حەزرەتی ساحیب بڕەخسێنێ بۆیە دیتومانـەو دەیبیـنین کـە پریـشکی سیاسـەتی کۆمـاری ئیـسلامی گەیشتۆتە هەرجێیـەك ئـەو شـوێنە تووشی قـەیرانی جۆربـەجۆر بـووە. بۆیـە دەکـرێ ئامـاژە بـە وڵاتـانی باڵکان، سودان، جـەزایر، تورکیـە، ئەفغانـستان، لوبنـان، فلـستین پاکـستان، عەرەبـستان، فیلیـپین، میسر و عێراقی ئێستا و... بکـەین، دژایـەتی کـردن لەگـەڵ جولەکـە و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان و فلستینیش بەشێکە لەم سیاسەتە ئایدیدۆلۆژیکە.

ب: دژایـەتی لەگـەڵ سیاسـەتی ناوخۆدا

هەروەك گوتمان کۆماری ئیسلامی پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژی و ئایینییە و یەکێك لە تایبەتمەندییـەکانی ئـەم چەشـنە سیـستمانە ئەوەیـە کـە ئامانجسازی بـۆ خـەڵکانی ژێـر دەسـەڵاتیان بکـەن، واتـە پێناسـە کردنی چەند ئامانجی گەورەو دوور کە بۆ پێگەیشتنیان پێویست دەکا هـەموو جـەماوەری ئـەو وڵاتـە ببنـە خـاوەنی یـەك شـوناس و هێـزو ئامـانجی گـەورەی ژیانیـان وەکـوو یەك بێ. شۆڤێنیزمیش سەرچاوەی ئــەم چــەمکەیە و لــە ســەدەی بیستەمدا چـەند وێنەیـەکی ئـاوا دەرکــەوتن. دەســەڵات لــەم سیـستمەدا بـە ئاسـانی دەتـوانێ کاریگەری لە سەر خەڵکەکەی هـەبێ و چـۆنی پێیـان خۆشـە هـەڵیان سوڕێنێ بـە تایبـەتی بـەکارهێنانی ئەم فۆرمولە لە لایـەن دەسـەڵاتێکی وەك کۆمـــاری ئیـــسلامییەوە بـــۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی فرەنەتـەوە و فرەئاییینی وەك ئێران لـە گۆڕەپـانی زۆر کێشەو ناکۆکییـە بـە رێگایـەکی لە بار دادەنرێ.

ئەمەش بەشێکە لە واتاو نێوەرۆك و ئامـانج و دروشمـەکانی کۆمـاری ئیسلامی لـە پێنـاو هەوڵـدان بۆ لـە نـــاوبردنی دەوڵـــەتی جولەکـــەو، دروشمی"رەخساندنی هەلومەرج بۆ دەرکەوتنی حەزرەتی مەهدی "یش بـە بەشـێك لـەم سیاسـەتە دێتـە ئەژمار. هەرچەند هیچ دوور نیە کـە بۆ رزگار کردنـی خـۆی لـە ژێر ئـەم هەموو گوشارە نێونەتەوەییـەی لـە سەریەتی و ئەو هەلومەرجەی ئێستا تێی دایە و بۆ فریودانی دووبارەی خـــەڵکی ئێـــران و هـــەموو موسڵمانەکان"مەهدییەکی ساختە" دروست بکات .

# خوێندنەوەیەك لە بزاڤی خوێندکاریی ئێران و کوردستان
# بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار)

یوسف ئیبراهیم خاس



بزووتنەوەی خوێندکاری وەکوو بزاڤێکی خۆڕسك (spantent) و بێ هیچ پشتیوانێکی سیاسی و ئابووری لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و لە پرۆسەیەکی بە زانابووندا لە باری مەعنەوی و ئینسانییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکا. بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستانیش وەك هێڵێکی هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران چووەتە پێش. جارجار بۆتە بەشێك لە بزاڤی سەرانسەریی خوێندکاریی ئێران و زۆر کاتیش وەك بزاڤێکی سەربەخۆی مەدەنی خاوەن شێوازی شۆڕشگێڕانە بە دیسکۆرسی نەتەوەیی کاری کردوە. دەتوانین پێکهاتنی شووڕای قوتابییان و خوێندکارانی ئێران لە ساڵی ١٣٣٨دا بە یەکەم هەنگاوی بە ڕێکخراوە بوون و ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران بزانین و لەم نێوەدا دەتوانین کۆبوونەوەی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٩ بۆ یاد کردنەوەی خوێندکارانی گیان بەخت کردوو (قەندچی، بوزورگ نیا، شەریعەت ڕەزەوی) کە لە زۆربەی زانستگەکانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە چوو وەك داهێنانێکی نوێ لەو بوارەدا چاو لێ بکەین، کە هەموو ساڵێك لە زانکۆکانی ئێران و کوردستان لە ژێر ناوی ڕۆژی خوێندکاردا بەڕێوە دەچێ. بزاڤی خوێندکاری بەشێکی بەهێزی کۆمەڵگای مەدەنییە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە خانەی بزاڤە وردبینەکاندا جێ دەگرێ. بزووتنەوەی خوێندکاری لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا ڕیفۆرمخوازە، بەڵام بزاڤی خوێندکاریی کوردستان و ئێران، ئاراستەیەکی تەواو شۆڕشگێڕانە و سیاسی پێوە دیارە کە بۆتە هۆی جیاوازیی نێوان ئەو بزووتنەوەیە لەو وڵاتە (ئێران) و وڵاتانی دیکە. دەتوانین بزاڤی خوێندکاری ئێران بە ٤ قۆناخ دابەش بکەین:

١. لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧.

٢. دوای شۆڕشی ٥٧ تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیزیۆکراتی ڕەفسەنجانی لە ساڵی ٧٥ دا.

٣. دەورەی سەرکۆماریی خاتەمی (٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ تا ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨).

٤. دەورەی دەسەڵاتی پاوانخوازان (٧٨ تا ٨٧).

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دوو ڕەوتی بە هێزی "جبهەی ملی" و "حیزبی توده" توانیبوویان، پێگەیەکی بەهێز لە نێو ڕۆشنبیران و خوێندکارانی ئەو سەردەمەدا بۆ خۆیان دروست بکەن. دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی پەهلەوی و تایبەتمەندیی دژی ئیمپریالیستیی ئەو دوو ڕەوتە هۆی سەرەکیی برەوی ئەوان لە نێو کۆمەڵانی خەڵك بە تایبەت لاوانی ڕۆشنبیر و خوێندکاراندا بوو. بەڵام لەو نێوەدا بزاڤی خوێندکاریی کوردستان وەکوو بەشێك لە بزاڤی سەرانسەریی ئێران کار دەکا و وەك بزاڤێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی تا چلەکان بوونی نیە. تا ئەوەی کە لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا پێ دەنێتە مەیدانی تێکۆشان و کاریگەری و ڕۆڵی خۆی لە بزووتنەوەی چەکداری بە شکۆی ٤٦ ـ ٤٧ و دواتر پێکهێنانی گرووپە نهێنی و سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئەکتیڤ نیشان دەدا. بزاڤی خوێندکاریی کوردستان لەو سەردەمەدا بە پێداگرتن لە سەر دیسکۆرسی مارکسیستی و چەپ خۆی بە هاوتەریبی ڕەوتە چەپەکانی دیکەی ئێران و کوردستان دەزانی. ئەو کەش و هەوایە هەروا لە ئارا دایە تا ئەوەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران ڕوو دەدا و بزووتنەوەی خوێندکاری وەکوو باسکێکی بەهێز و ڕووناکبیریی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی پۆزێتیڤی دەبێ لە ڕووخانی نیزامی پاشایەتیدا. دوای ڕووخانی حکوومەتی شا و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئاخوندەکان کە هەستیان بە هێز و توانای بزاڤی خوێندکاری، وەکوو بزاڤێکی زیندوو و ڕادیکاڵ کردبوو، دروشمی یەکیەتیی ئاخوند و خوێندکار و زانکۆ و حەوزەیان بەرز کردەوە. بەڵام ویستی گۆڕان و نوێبوونەوە و داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی توێژی خوێندکار دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاوانخوازانی دەسەڵاتدار لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتە ژێردەستەکردن و کۆنترۆڵی خوێندکاری سەرکەوتوو نەبوون. ئەنجومەن و ڕێکخراوە دەستکردەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو خوێندکارانی خەتی ئیمام و... نەیانتوانی خەباتی خوێندکاران بۆ هەمیشە چەواشە بکەن و بە لاڕێیدا بەرن.

ئەو بارودۆخە وای کرد کە تا لە دەورەی شۆڕشی بە ناو فەرهەنگی واتە ساڵی (١٣٦٢) زانکۆکان دا بخرێن و تەواوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت ژنان و خوێندکاران بە درندانەترین شێوە سەرکوت بکرێن. ئەو بارودۆخە بۆ خوێندکاران لە کوردستان بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی چەکداری زۆر ئەستەمتر بوو. دوای یەك دەیە تاوان و جینایەتی ڕێژیم (دەیەی ٦٠) و بێدەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بزاڤە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و یەك لەوانیش بزاڤی خوێندکاری بوو بە بەشێکی بەستراوە بە دەسەڵات و پاسیفیزم و ڕاوەستانێکی سەرسووڕهێنەر تەواوی جەستەی بزووتنەوەی گرتەوە. (بەڵێ، ئێستا زانکۆ پادگانە). ئەو کەش و هەوا دیکتاتۆری لێدراوە هەروا بەردەوام بوو تا ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٧٦دا، لە ئاکامی شانۆی ٢ی جۆزەردان و هاتنە سەر کاری دەوڵەتی دێماگۆژی ڕیفورمدا بزووتنەوەی خوێندکاری جارێکی دیکە خەباتی وەگەڕ خستەوە، چالاکیە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکان گەیشتبوونە ئەوپەڕی خۆیان و زانکۆکان گەورەترین گۆڕەپانی خەبات بە دژی ڕێژیم بوون، تا ئەوەی کە ڕێژیم هەستی بە مەترسی کرد و دەوڵەتی ڕیفۆرم ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشان هەموو جیهان دا و دەستی دایە "علاج قبل از واقعه" و کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی خوڵقاند و جگە لەو ڕۆڵە بەنرخانەی لەو تاوانەی ڕێژیمدا گیانیان بەختی ئامانجە بەرز و ئینسانییەکانیان کرد، زۆرێك لە محەممەدییەکان و باتبییەکانی ڕەوانەی زیندان کران. ڕاستە "مێژوو دووپات دەبێتەوە، جارێك بە شێوەی تراژێدی و جارێك بە شێوەی کۆمێدی." بەڵام مارکس نەماوە تا بزانێ لە وڵاتی ژێردەستی ئایدیۆلۆژیی مەزهەبیدا دووپات بوونەوەی مێژوو هەموو جارێك تراژێدیایە. ڕاستە بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ ماوەیەکی کورت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕیفۆرمخوازەکان بەڵام زیندوو بوونەی بزاڤی خوێندکاری و کۆمەڵگای مەدەنی لە دەسکەوتە گەورەکانی ئەو ماوە زەمەنییە کورتە بوو، کە بە دەرباز بوون لە دەورانێکی (گذر) توانی خۆی لەو قەیرانە فکرییانە ڕزگار بکا کە بە سەر خوێندکار و کەش و هەوای داخراوی زانکۆدا زاڵ بوون و هەنگاوەکان پتەوتر لە جاران هەڵ بێنێتەوە، لەو کاتە هەستیارەدا بزاڤی خوێندکاریی کوردستان کە هەموو کات خاوەن ئەدەبیاتێکی ڕەخنەگرانە و لە هەمان کاتدا دیسکۆرسی نەتەوەیی و ڕادیکاڵ بووە بە هەڵوێستەوە وەك دژبەرێك بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ڕاوەستا. بەڵام خاڵێکی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە بە لاواز بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دابڕانی ئەوان لە بزووتنەوەی مەدەنی و خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی زەمەنیی کورت خوێندنەوە و گوتاری ئاپۆئیستی پ.ك.ك بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیەوە، بە ڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات (ناسیونالیسم ابتدایی احزاب شرق کردستان ـ عبدالله اوجلان ـ دولت کاهنی سومر تا تمدن دمکراتیك) توانی ماوەیەك جێگای بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی ڕۆژهەڵات لە نێو توێژێك لە لاوان و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی کوردستان و مێترۆپۆلەکانی ئێران بگرێتەوە. دەست بەسەرکرانی ئۆجالان لە دوای ١٥ی شوبات وەکوو کاتالیزۆرێك بوو بە هۆی خێرا کردنی ئەو ڕەوتە. هەر وەك لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و پێشتریش کە ئەو بزاڤە کەوتە ژێر کاریگەریی گوتارێکی چەپ و سوسیالیستی و توانی خۆی لەو قۆناغانە دەرباز بکا، ئەو جارەش توانی هەر بەم شێوەیە خۆی لەو پارادۆکسە فکرییەی کە بەرهەمی (نفوذی) پ.ك.ك بوو دەرباز بکا، ئێستا کە، بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان لە ژێر کاریگەریی گوتاری "ناسیۆناڵ ـ لیبراڵ" دایە. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەی سەرانسەریی خوێندکاریی ئێران لە ژێر کاریگەریی گوتاری چەپ دایە و ڕەوتی خوێندکارانی سوسیالیست بە تایبەت هێڵی خوێندکارانی سوسیالیست لە زانکۆ گەورەکانی ئێران دەستی باڵای هەیە. لە هەمان کاتدا کە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی زۆر جیاوازیی فکری و ئایدیۆلۆژیك دێنە بەر چاو، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە لە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەدا زانکۆ جارێکی تر زیندوو بوونی خۆی سەلماندەوە، بەڕێوە چوونی ساڵانەی ڕێوڕەسمەکانی ١٦ی سەرماوەز، ٨ی مارس، ١ی مەی و مانگرتنە یەك لە دوای یەکەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەر کردەوەیەکی دژی خوێندکاران نیشانەکانی زیندوویی خەباتی خوێندکارانە. لەم بارەیەوە ئاماژەکردن بە نموونەیەك پێویستە خوێندکاران لە کاتی سەفەری ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆماری ئیسلامی بۆ زانکۆی ئەمیرکەبیر لەگەڵ دیمەنی سووتاندنی وێنەکانی خۆی و دروشمەکانی، "مردن بۆ دیکتاتۆر"، بەرەوڕوو بۆوە، هەمووی ئەمانە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە "زانکۆ، هەر زیندووە."

---

درێژەی:

## لە لوتکەی دۆستایەتییەوە تا ئەوپەڕی دوژمنایەتی

دووەم: وڵاتی ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەئایینە و تێکۆشانی دووردرێژ کراوەو دەکرێ لە پێناو گەیشتنی نەتەوەو ئایینەکان بە مافە ڕەواکانیان بەڵام بەردەوام بینیومانە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەرکات وەکوو نەتەوەو ئایینی باڵادەست مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی دیکە نیە ئێرانیان ڕەت کردۆتەوە و بەتوندی سەرکوتیان کردوون .

بەرەوڕوو بوونەوەی کێشە دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ناوخۆی ئێران و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و زۆر کێشەی دیکە وەك و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کۆماری ئیسلامی سەرنجی هەموو دنیا و تەنانەت خەڵکی ناوخۆشی بە کەڵك وەرگرتن لە سیاسەتی" دیتر هاوێژی کێشەو ناکۆکییەکان " بۆ دەرەوە باوێژێ.

بۆیە قەیرانسازی و دەستێوەردان لە ناوچەکە و دژایەتی کردن لەگەڵ ئیسرائیل و پاڵپشتیی مەبەستدار لە گەلی فەلەستین و تەنانەت پێداگرتن لە سەر درێژەدانی کێشە ئەتۆمییەکەی، ئامرازی زۆر باشن تا کەس نەتوانێ بیر لە کێشە ناوخۆییەکانی بکاتەوە و لە ژێر سێبەری ئەم سیاسەتەدا لە سەرکوت کردن و داپلۆسینی هەموو گەلانی ناوخۆی ئێران و مافە ڕەواکانیان بەردەوام بێ. شایانی ئاماژە پێدانە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن ئەگەر بێت و کێشەی عەرەب ئیسرائیل و کێشەی ئەتۆمیی ئێران و قەیرانی ئێستای عێراق و هتد لە ناوچەکەدا چارەسەر بکرێن. ئەوەی کە زۆر بەهێزتر و بەرچاوترە سەر هەڵ دەداتەوە، کێشەکانی ناوخۆی ئێران و پرسی ڕەوایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین، بۆیە لە پێناو یەکڕەنگیی نەتەوەیی و ئایینی لە ناوخۆی ئێران و دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی شیعەی دەسەڵات بەدەست لە پێدا گرتن لە سەر سیاسەتی فریو دەرانەی لە ناو بردنی ئیسرائیل بەردەوام بێ و ژیانی خۆی ناوەتە گرەوی .

بەردەوام بوونی ئاژاوە و قەیران لە ناوچەکەدا بۆی گرینگ نیە کە گەلانی ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چیان بە سەر دێ.

# هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیە و پێگەی کورد

**ئارام**

مەبەست لەم نووسینە خەسار ناسییەکە لە سەر هۆکاری شکستی DTP وەك حەرەکەتی هەرە بەهێزی سیاسی و نوێنەری کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ و ئەگەری دووپات بوونەوەی ئەم مەسەلەیە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی مارسی داهاتوو دایە.

DTP وەك حیزبێکی یاسایی لە چوارچێوەی دەستووری توکیا هیچ کات دانی بە تیرۆریست بوونی PKK دا نەناوە و هیچ کات کێشەی کوردی بە شێوەیەکی جیا لە PKK باس نەکردووە، هاوکات پشتیوانی لە ئاگربەسە یەك لایەنەکانی PKK کردووە و زۆر جاری تریش بۆ نموونە لە کاتی ئازاد کردنی ٧ سەربازە دیلەکەی تورکیا، بە ناردنی نوێنەری خۆی بۆ قەندیل، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ PKK سەلماندووە، تەنانەت ئێستا بە هێنانە بەر باسی پێشنیارە جۆراوجۆرەکانی چارەسەری یەك لە وان (ئۆتۆنۆمی دێموکراتیك) کە ماوەیەك لە مەوبەر لە لایەن ئەحمەد تورکەوە پێشکەشی پارلمان کراو گرتنەبەری شێوازی تێکۆشانێکی قۆناغ بە قۆناغ (فابیانیستی) لە هەوڵی ئەوە دایە کە بتوانێ لە ماوەیەکی زەمەنی کورت خایەن دا کۆتایی بە شەڕ بێنێ و PKK وەك حیزبێکی یاسایی بەشداری دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان بکات. کەش و هەوای نیوە دێموکراتیکی تورکیا، ئەو مەیدانەی داوە کە DTP بە شێوەیەکی روون ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان بێنێتە بەر باس و لە سەریان بدوێ( بۆ نموونە: باس لە کیانی سیاسی لە نێو سنوورەکانی تورکیە، خوێندن بەزمانی زگماکی و... هتد)، DTP توانیویەتی زۆر جار خۆپیشاندان و مانگرتنی چەند هەزار کەسی لە شوێنە جیاجیاکانی باکووری کوردستان و تورکیا بەڕێوەبەرێ و خۆی وەك حیزبێکی رادیکاڵ پێناسە کردووە کە داخوازەکانی نەتەوەی کوردی لە باکوور وەك بەرنامە لە چوارچێوەی کاری خۆیدا گونجاندووە و بۆ جێبەجێ کردنیان هەوڵ دەدا و لەو ڕێگایەشدا زۆر دەسکەوتی باش و بەسوودی هەبووە، بەڵام لە عەینی کاتدا و لە ناو تەرازوی هەڵسەنگاندن، ئەو ڕێکخراوەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ تەنیا توانی ١٩ کورسی لە پارلمانی تورکیا وەدەست بێنێ، کە شکستێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی باکوور.

بۆ دوان لە سەر هۆکارەکانی شکستی DTP لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوو خاڵێکی سەرەکی جێگای باس، پارادۆکسی مەوجوود لە ناو فکرییەت و پراتیکی کۆمەڵانی خەڵکی باکوورە، بۆ نموونە: دەبینین کە بەژەهراوی کردنی ئۆجالان یا بڵاو کردنەوەی هەوڵی ئەشکەنجەی ناوبراو بە سەدان کەس دەڕژێنە سەر شەقام، لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی گەریلا بە هەزاران کەس بەشدار دەبن تەنانەت لە ڕێورەسمەکانی وەك نەورۆز لە دیاربەکر میتینگی ١ میلیۆن کەسی دەگیرێ، بەڵام لە عەینی کاتدا هەڵوێستی گشتی خەڵکی کورد لە کاتی هەڵبژاردن شتێکی جیایە.(پارتی DEP یش کە ئەو کاتە (١٩٩٣ وەك هێزێکی سەرانسەریی تورکیا کاری دەکرد و زۆر کەسایەتیی ناوداری کورد وەك لەیلا زانا تێیدا بوون تووشی ئەو شکستە هات.

هەڵبەت شکستی DEP لە نەوەدەکان لە هیچ ڕوویەك لەگەڵ شکستی ٢٠٠٧ی DTP بەراوەرد ناکرێ. هۆی ئەم پارادۆکسی ئاکاری و هەڵوێستی خەڵکی کورد لە باکوور دەگەڕێتەوە سەرچی؟ ئایا بزووتنەوەی کورد لە باکوور تووشی( فرقەبوون) و سێکتاریسم هاتووە؟ یا هۆکاری تر لەو مەسەلەیە دا شوێن دانەرن؟ ماهییەتی AKP و سیاسەتە دێماگۆژییەکانی لە ماوەی ئەو یەك ساڵە دا چەندە بۆ کورد دەرکەوتووە؟ هەوڵ دەدەین هێندێك هۆکاری ئەو شکستە بەشێوەی خاڵ بە خاڵ و کورت بخەینە بەر باس.

١- نەریتی و عەشیرەیی بوونی کۆمەڵگای باکوور لە سەر ئەساسێکی تۆخی مەزهەبی و بوونی ئایینەکانی جۆراوجۆر و تەریقەکانی دەراویشەو پارادۆکسی لەگەڵ رادیکاڵیزمی حاکم بە سەر بزووتنەوەی کورد و پشت گوێ خستنی ئەو مەسەلانە یەکێك لە خاڵەکانی جێگای ئاماژەیە کە AKP ی ئیسلامگەرا بە پێچەوانەی بزووانەوەی کورد ئەنگوستی لە سەر داناوە.

٢ـ خزمەتگوزاری دەوڵەتی AKP لە ناوچە کوردنشینەکان، لە چاو دەوڵەتەکانی پێشوو پتر بووە و هەمووکات لە کاتی هەستیاری پێش هەڵبژاردن بە پروپاگەندە و بەڵێنی بەستەی ئابووریی نوێ تووانیویەتی بەشێکی زۆری دەنگی کوردەکان بولای خۆی رابکێشێ. باس لە تەرخان کردنی بووجەی ١٢ ملیار دۆلاری لە خزمەت پرۆژەی GAP ( Guney Anatoli Pirojesi) لە لایەن دەوڵەتی AKP وە نموونەی بەرچاوی ئەو تاکتیکەی دەوڵەتی تورکە.

٣ـ AKP هەمووکات کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە سەر ڕێگای کار و تێکۆشانی DTP و وای کردووە کە ئەم ڕێکخراوە نەتوانێ لە ئاستی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبەریدا وەك ئالتێرناتیفێکی خۆجێیی لە راپەراندنی کارەکانی دا سەرکەوتوو بێت. بۆ نموونە هەمووکات ٥٦ شارەوانییەکەی سەر بە DTP لەگەڵ کێشەی بوودجە و وەدرەنگ خستنی ئەو بوودجەیە دانی بەشێوەی پچڕ پچڕ بەرەوڕوو بوون، لەحاڵێکدا شارەوانییەکانی سەر بە AKP نە تەنیا لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوو نین بەڵکوو لە ململانێیەکی ناسالمدا ئاوڕێکی زۆرتریان لێ دەدرێتەوە، هەر ئەو مەسەلەیە لە باری سایکۆلۆژییەوە، تاکی کورد دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە DTP توانای بەڕێوەبردنی کاری ئیداری و خزمەتگوزاری لە ئاستێکی باش دا نییە و دەنگی بۆ نادا.

٤ـ سیستمی جەردەوانی بە ئاوایەکی بەرفرە لە باکوور ئۆرگانیزە کراوە و هەمووکات وەك کارتێك لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەشداری جەردەوانەکان کە ژمارەیان کەم نیە) لە هەڵبژاردنەکان یەکێك لە نموونەکانی کەڵك وەرگرتن لەو سیستم و دیاردەیە لە باکوورە.

٥ـ دەسەڵاتی هاوتەریبی ئەرتەش و AKP و باندەکانی خوازیاری شەڕ لە ناو ئەرتەش وەك (EVGBKOR ) و ماهییەتی دێموکراتیك بوونی DTP ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ ٢ باڵی بەهێزی دەسەڵاتداری سیاسی و سەربازیی تورکیا بەرەوڕوو کردۆتەوە کە هەوڵ بۆ لەناوبردنی پێگەی جەماوەری و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕێکخراوەیەو لە کۆتاییدا داخستنی دەدەن.

٦ـ DTP بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە هێندێك کەسایەتیی خۆشناوی کوردی بۆ پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان دیاری کردووە، بەڵام AKP لە دژکردەوەیەکی تاکتیکی لە هەمبەر DTP دا، هێندێك کەسایەتیی ناسراوی کورد وەك نوێنەری AKP لەو هەڵبژاردنانەدا ناردۆتە مەیدان. کە بە لانی کەمەوە بڵاو بوونەوەی دەنگەکانی لێ دەکەوێتەوە کە بە قازانجی لایەنی کورد نیە.

بەڵام با تورکیا وAKP تێی بگەن ڕەچاو کردنی هێندێك تاکتیك و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و هێندێك دەسکەوتی تری لەو بابەتە بۆ دەوڵەتی تورك هیچ کات نابنە بنەمایەکی پتەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەویش بە ئاوایەکی دێموکراتیك، ئەگەر AKP بۆ ماوەیەکی زەمەنی کورتیش بتوانێ لە هێندێك مەیدانی وەك هەڵبژاردنەکانی شارەوانی یا پارلمان سەر کەوتووبێت، بەڵام هەر وەك سیاسەتوانانی بەر لە ئەردۆغان لە سەردەمی مەسعوود یێلمازەوە باسی لێوە دەکەن، ڕێگای چوون بۆ یەکیەتیی ئورووپا نە لە ئانکاراو ئیستانبۆل بەڵکوو لە دیاربەکرەوەیە ئەگەر AKP نەیهەوێ لەو کەش و هەوا نیمچە دێموکراتیکە خولقاوەی ئەو وڵاتە کەڵك وەرگرێ و گەشە بە دێموکراسییەکی راستەقینە بدات، کە تێیدا کێشەی کورد چارەسەر کراوە، هەمووکات کێشەکە بۆ خۆی بکات بە هێندێك سەرکەوتنی بچووك لە هێندێك بواری وەك هەڵبژاردن، ئەو کاتە بزاڤی جەماوەری لە حاڵی گەشەی کورد لە باکوور دەتوانێ بە پشت ئەستوور بوون بەهێزی خۆی ئەو مەیدانەش بە AKP چۆڵ بکات و بە دیاری کردنی نوێنەرانی کوردی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن ئەوکات پارلمان و دامەزراوە یاساییەکان دەنگی شاخ بن.

**بەڵام با تورکیە وAKP تێی بگەن ڕەچاو کردنی هێندێك تاکتیك و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و هێندێك دەسکەوتیتری لەو بابەتە بۆ دەوڵەتی تورك هیچ کات نابنە بنەمایەکی پتەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد،**

پانۆراما

## تورکیە هی تورکانە و جێگەی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نابێتەوە

لە درێژەی لێدوانە شۆوینیستییەکانی ڕێبەرانی تورك لە تورکیە دژبە گەلی کورد، سەرۆکی حیزبی دێموکراتی تورکیە لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دا رایگەیاند: تورکیە هی تورکانەو جێگەی هیچ نەتەوەیەکی دیکەی تێدا نابێتەوە. سەرۆکی حیزبی دێموکراتی تورکیە هەروەها داوای لە گەلی کورد لە باکوری کوردستان کرد کە یان خۆیان بە تورك بناسێننو یان ئەوەیکە ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

ماوەیەك لەمەوبەر رەجەب تیب ئەردۆغان هەمان قسەی بە جۆرێکی دیکە کردو رایگەیاند کە لە تورکیە یەك ئاڵاو یەك نەتەوە هەیە، هەرکەس ئەمەی پێ قەبووڵ ناکرێ ئەم وڵاتە جێبهێڵێ.

شایانی باسە لە چەند مانگی رابردوودا لێدوانی شۆوینیستی دژ بە گەلی کورد پەرەی سەندووەو لەلایەن حکوومەتو دەزگای داد پشتیوانی لەم جۆرە لێدوانانە دەکرێ. ماوەیەك لەمەوبەر رۆژنامەی "بۆلۆێکسپرس" وتارێکی لەژێر ناوی "لە بەرامبەر کوشتنی هەر سەربازێکی تورك دا ئەندامێکی DTP دەکوژین" بڵاو کردەوە کە دادگا لە وەڵامی سکاڵای سەلاحەدین دمیرتاش دا رایگەیاند کە ئەم وتارە هیچ کێشەیەکی نییەو دەبێ لە چوارچێوەی ئازادی بیروڕا دا هەڵسەنگێندرێ.

## پێشنیاری دابەش کردنی عێراق بۆسەر دوو وڵاتی سەربەخۆی بابلی نوێو سیستانستان

دیوید ئەبگار توێژەری بەناوبانگی ئەمریکایی لە ناوەندی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە گەڵاڵەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هێشتنەوەی عێراق بە وڵاتێکی یەکگرتوو کە بەرەو هێمنیو دێموکراسیو پێشکەوتن بڕوا، کارێکی ئاستەمە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە عێراق کێشەکان ئەوەندە مەزنن کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئەو وڵاتە کارێکی زۆر زەحمەتە.

ئەبگار پێشنیار دەکا کە باشترین ڕێگا ئەوەیە عێراق بۆ سەر دوو وڵاتی بابلی نوێ و سیستانستان دابەش بکرێ. بابلی نوێ لە خاکی کوردەکان و عەرەبە سوننەکان و ڕێژەیەکی کەمی شیعە پێك دێ و سیستانستانیش وڵاتێکی تەواو شیعەیەو باشووری عێراق و هەموو شارە مەزهەبییەکانی شیعە لەخۆ دەگرێ.

ئەو توێژەرە لە درێژەدا دەڵێ: پێشتر زۆر گەڵاڵە بۆ دابەش کردنی عێراق خراونەتە روو، کە هەموویان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی عێراقیان بۆ سەر سێ وڵاتی کوردستان، عێراقی سوننی و عێراقی شیعە دابەش کردوە. دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ وڵات کێشە خولقێنە بەتایبەت لەلایەن دراوسێکانی عێراقەوە کێشە بۆ ئەو وڵاتانە ساز دەکرێ. ئێران و تورکیە هیچ کاتێك بوونی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی لە نزیك سنوورەکانی خۆیان پێ قبووڵ ناکرێ. بەڵام لەم گەڵاڵە نوێیەدا ئەو دوو وڵاتە ترسێکیان لە دوو وڵاتی بابلی نوێ و سیستانستان نییەو دواتر قبووڵی دەکەن.

# راگەیاندنی مۆدێرن لە حیزب یان ڕێکخراودا

ڕەسووڵ سێلەکە

بەشی دووەم و کۆتایی

### راگەیەندنەکانی مۆدێرن

لەم قۆناغەدا، بەرپرسێکی راگەیاندن لە رۆڵی ستراتژیستی رێکخراو دەچێتە نێو چوارچێوەی بڕیاردانی بەرپرسانی سەرووتر و بەواتایەکی تر، بەرپرسانی سەرووی رێکخراو لە تەنیشت بەشی راگەیاندنی خۆیان بەرنامە دادەرێژن و خەریکی سیاسەتدانان و وەگەڕخستنی سیاسەتەکانی رێکخراو دەبن و بەرپرسی راگەیاندن لە کۆبوونەوەکان بە پێویست دادەنێن و لەسەر بوونی ئەو لە تەواوی کۆبوونەوەکان پێداگری دەکەن.

لە راستیدا گرینگترین تایبەتمەندیی ئەمجۆرە راگەیاندنە کە بە راگەیاندکانی مۆدێرن ناسراوە، ئەوەیە کە بەڕێوەبەر بە پێی خواست و ویستی بەردەنگەکانی خۆی هەنگاو هەڵدێنێ تا لەو رێگایەوە بە ئامانجە حیزبی و رێکخراوەییەکانی خۆی بگا.

### چەند تایبەتمەندی راگەیاندنی مۆدێرن

ـ لەم جۆرە راگەیاندنە زیاتر هاوولاتی تەوەرە نەك رێکخراو

ـ خستنەرووی پەیام لەم جۆرە راگەیاندنانەدا لە سەر بنەمای بەرنامەرێژی ئامانجدار، رێبەری، رێنمایی و کۆنترۆڵ کردنە

ـ پەیامی جۆراوجۆر بۆ بەردەنگی جۆراوجۆر بە سەرنجدان بە خوێندەواری و کولتووریان لەم جۆرە راگەیاندنەدا بەرهەم دەهێنرێ.

ـ لەم جۆرە راگەیاندنە چالاك، روو لە گەشە، شادو بەکەیفە و هەرجۆرە گۆڕانکارییەك لەودا بە خێرایی ئەنجام دەدرێ.

ـ لەم جۆرە راگەیاندنانە زۆرتر ئەنجامگەرا و پلۆرالیستییە و هیچ مەیلێکی بە لای ناوەندگەرێتیدا نییە. هەر بۆیەش پێ سپاردنی دەسەڵات لەودا زۆرترەو هەر کارناسێك لە چوارچێوەی کاری خۆی سەروەرییەکی تایبەتی هەیە و بەڕێوەبەرانیش هەوڵ دەدەن دەست لە کاری کارناسان وەرنەدەن چونکە لێ زانین و روانگەی کارناسان ئامانجەکانی رێکخراو گەرەنتی دەکا.

بیرۆکەی زاڵ بەسەر ئەم جۆرە راگەیاندنەدا بیرۆکەی پتەوبوون، بیرۆکەی گەڕان بە دوای پێویستییەکان، کەڵك وەرگرتن، رەزامەندی بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەکانی و بیرۆکەی پەیوەندی دوولایەنەو هاوسەنگە. لە راستیدا ئەم جۆرە راگەیاندنە بەردەنگەکان وەکوو کەسانێکی چالاك، روو لەگەشە و وشیار چاو لێ دەکا و بۆ رازی کردنیان هەوڵ دەدا. روانگەیەکی هاوبەش لە نێوان رێکخراو و ویستەکانی خەڵك دا پێك بێ.

ـ هەر جۆرە چالاکییەك لەم جۆرە راگەیاندنانەدا لە سەر بنەمای تیۆرییە زانستی و پیشەییەکانی سەردەمە.

ـ ئەمجۆرە راگەیاندنانە بە پێچەوانەی ئەوانەی کە ئێستا لە راگەیاندنەکانی ئەمرۆی ئێمەدا باوە بە هیچ شێوەیەك پاساودەری رێکخراو و **"بەڵێ بە چاوان"** بێژی بۆ بەرپرسانی سەرەوە نین و هەموو هەوڵی خۆیان لە رێگای دابین کردنی قازانجەکانی خەڵك و رێکخراودا بەکار دێنن و پێویستیی هەبوونی وەها مەبەستێك رەچاو کردنی مەسەلەی رەخنەیە لە راگەیاندندا. لە راستی دا بە دەست نیشان کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی رێکخراو و یارمەتیدان بە چاککردنی خاڵە لاوازەکان و بە هێزترکردنی خاڵە بە هێزەکان لە چالاکییە سەرەکییەکانی بەشی راگەیاندنە.

ـ گرینگیی دان بە پێوەندی گەتن لەگەڵ بەردەنگ و لێکۆڵینەوە لە سەر بەردەنگ، و هەروەها بەدواداچوونی رەوتی دوولایەنەی زانیاری و هەواڵ دەبێتە هۆی ئەوەیکە بەردەنگیش بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە رێکخراو.

ـ ئەم جۆرە راگەیاندنانە لە جێگای دەلالی لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هەوڵ دەدەن بە بەرهەم هێنانی زانیاری بەرگری بکەن لە دروست بوونی دەنگۆ بە دژی رێکخراو. بێ گومان ئەم سەدەیە کە سەدەی راگەیاندن ناو نراوە و جیهان وەکوو گوندێکی گەورە وێنا دەکرێ، ئەوەی کە لە هەر شتێك بە نرخترە زانیارییە کە وەکوو کاڵایەکی بە نرخ مامەڵەی پێ دەکرێ بە شێوەیەك کە ئەم مەسەلەیە باسی هەژاری و دەوڵەمەندی لە زانیاری دا دێنێتە گۆڕێ تەنانەت لەویش سەرەوەتر ئەوەیکە بە پێی بیرۆکەی زانایان هەرکەس لە سەردەمی ئێستادا زانیاری زیاتری هەبێ تێگەیشتنیشی زیاترە کەسێکیش سەرکەوتووە کە کە زانیاری لەوانی تر زیاتر بێ.

ـ لەم جۆرە راگەیاندنانەدا (راگەیاندنی مۆدێرن) جۆرێکی تایبەت لە راگەیاندن بەناوی راگەیاندنی بازاڕگر دەردەکەوێ بە خستنە رووی زانیاری خاوێن و بەکەڵك وەورگرتن لە گەیاندنی زانیاری راست و دروست هاوڕێ لەگەڵ دووری لە هەرجۆرە زیادەڕۆیی و فریودانێك هەوڵی وەدەست هێنانی مشتەری زیاتر بۆ رێکخراو دەدا و رێگای مشتەری گەرایی دەگرێتە بەر.

ـ بەکارهێنانی شێوازی پەیوەندی گرتن لە گوتارو لە نووسین دا بە پێداگرتن لە سەر سادە نووسین و کورت نووسین و دووری کردن لە هەر جۆرە ئاڵۆزییەك لە قسە و نێوەرۆك لە داڕشتنی پەیام بۆ بەردەنگەکان.

ـ کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی نوێ واتە بۆ کۆمپیوتێر، ئینتێرنێت، سەتەلایت، تۆڕەکانی فیبری نووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئێلکترۆنی و ...

ـ ئەم جۆرە راگەیاندنانە بەهێزکەری رەوشتە دێموکراتیکەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وکولتووری.

ئەمانە کۆمەڵێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دوو جۆری راگەیاندنی کۆن(کلاسیك) و نوێ(مۆدێرن) بوون کە پێوەرێکی باشە بۆ ئەوەی راگەیاندنی حیزب یان رێکخراوەکەمان بەم پێوەرە هەڵسەنگێنین و جێگای خۆمان لەم قووچەکەدا بدۆزینەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە بۆ گەیشتن بە راگەیاندنەکانی مۆدێرن رێگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە بە واتایەکی دی ئێمە لە کاتێك دا کە لە سەدەی بیست و یەکەم داین زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیستەممان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ گەیشتن بە راگەیاندنێکی نوێ و سەردەمیانە ناچارین چوارچێوەی راگەیەنە کۆنەکان پشت گوێ بخەین. بۆ بە ئامانجی سەرەکی راگەیاندن واتە دیزاینی رای گشتی ـ رێنمایی کردنی رای گشتی نوێ کردنەوەی رای گشتی، دەبێ وێڕای وەدەست هێنانی رەزامەندی بەرپرسان و بەڕێوەبەران هەول بدەین لەگەڵ بەردەنگەکانی رێکخراوەکەمان بە لێکتێگەیشتنێك بگەین و بە واتایەکی تر بوونی بۆچوونی هاوبەش پێویستی بە لێك تێگەیشتنە. بوونی روانگەی هاوبەشیش جۆرێك هەڵوێستگیریی پۆزیتیڤ یان نیگەتیڤە سەبارەت بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئابووری

خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە راگەیاندن و پڕوپاگەندە دوو دەستەواژەی لێك جیاوازن و هەرگیز نابێ هەردووکیان بە یەك واتا چاو لێ بکەین . چونکە بواری کار لە راگەیاندن ناسین و تێگەیشتنە کە وەکوو هێزی فکری رێکخراو یان حیزب چاوی لێ دەکرێ . لە کاتێکدا بواری کار لە پڕوپاگەندە دا، دۆزینەوەی بازاڕو جووڵاندنی هەست و سۆزە.

کەوابوو هەمیشە هەوڵ بدەین جگە لە هاندان، سەرنج بدەین بە داواکاریی بەردەنگەکان بۆ ئەوەی لێك تێگەیشتنی لە پشت بێ. بە بڕوای پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرینگترین ئەنجامی ئەخلاقی کە لەم بابەتە دەکرێ وەربگیرێ لەم رستەیەدا خۆی دەنوێنێ کە **"بەرپرسی سەرەکیی هەر رێکخراوێك شایەنی ئەم راگەیاندنەیە کە هەیەتی"** نە کەمتر نە زیاتر.

---

## پەیڤ

# ١٦ی سەرماوەز، رۆژی خوێندکار

ن: سامان فەقێ نەبی — و: ئارام

١٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێك وەبیرهێنەرەوەی خەبات و گیانفیدایی چالاکانی بواری خوێندکاریی لە ئێران دایە. بزافی خوێندکاریی ئێران وێڕای هەوراز و نشێوی فراوان و دەستێوەردانی پەیتا پەیتای دامەزراوەکانی دەسەڵات توانیوێتی لە چەندین دەیە خەبات و چالاکی کاریگەریی بەرچاو لە بواری سیاسی و روناکبیرییەوە جێ بهێڵێ.

هەرچەند بە هۆی دیل بوونی بەشێك لە جەستەی بزاڤی خوێندکاری لە ناو داوی دیسکۆرسگەلێك وەکو چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ئیسلامی سیاسیدا، ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتییە لە هێندێك قۆناغ لە واتای سەرەکی و کارکردەکانی بنەڕەتی خۆی دوور کەوتۆتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ناتوانین رۆڵی بزاڤی خوێندکاری لە بەرچاو نەگرین و نەبوونی پارتە سیاسییە یاساییەکان و نەبونی راگەیاندنی سەربەست، بۆتە هۆی ئەوەی کە رەوتەکانی نێو بزاڤی خوێندکاری بە ناچار هێندێك لە ئەرکەکانی پارتەکان وەئەستۆ بگرن و لە سەر ئەو بنەمایە لە هێندێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئێران زانکۆ دەبێتە "خانەی احزاب" لە کەس شاراوە نییە کە دەسەڵاتەکانی پەهلەوی و ئیسلامی لە هیچ جۆرە کردەویەك لە بەلارێدا بردنی ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکانی بزاڤی خوێندکاری دەریغیان نەکردووە. بەڵام بزاڤی خوێندکاری توانیوێتی هەروا تایبەتمەندیی ئاوانگارد و پێکهاتەشکێنی خۆی لە بواری خەبات بە دژی سەرەڕۆیی و دواکەوتوویی بپارێزێ و زانکۆ وەك بنکەی هەستانەوە و رۆشنگەری، جێگای مێژوویی خۆی بپارێزێ. لەو نێوەدا خوێندکارانی کوردیش وەك پشتیوانی رەوت و روانگە دێموکراتییەکان لە نێو بزاڤی خوێندکاریی سەراسەریی ئێراندا رۆڵی خۆیان گێڕاوە و هەوڵیان داوە لە رێگای بزاڤی سەراسەریی خوێندکاری، داخوازی سیاسیی نەتەوەکەیان بۆ توێژی بلیمەت و هەڵکەوتوو و زیندووی کۆمەڵگا واتە خوێندکارانی وڵات بگوازنەوە. لە راستیدا هێنانە ئاراو شرۆڤەی هۆکاری خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە نێو ناخی توێژەکانی هەڵکەوتووی کۆمەڵگای ئێران هەر لە کۆنەوە، بە یەکێك لە کارکردەکانی چالاکانی خوێندکاری کورد هاتۆتە ئەژمار. لە لایەکی دیکەوە خوێندکارانی چالاکی کورد لۆژیك و رادیکالیزم تێکەڵ بە یەك بکەن و بیکەن بە ئامرازێکی رەخنەگرانە بە مەبەستی دژایەتی کردن لەگەڵ دەسەڵاتی سەرەڕۆ و هەروەها هەوڵدان لە راستای پشتگیری لە بزوتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ لە بیر بکەین کە رەخنە و خەسارناسی رێئالیستی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە دوور لە هەر چەشنە ئینتمایەکی حیزبی بەشێکی دیکە لە کارکردی ئەوانەی کە هیچ کات نابێ لێی غافل بن و ئەم ئەرکە بخەنە پەراوێزەوە بێ گومان خوێندنەوەو پێداچونەوەی بەردەوامی هەڵوێست و چالاکییەکانی پارتە سیاسییەکانی کورد و خەسارناسی (پاتۆلۆژی) بزوتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێك لە گرینگ ترین کارکردەکانی خوێندکارانی خەباتکاری کورد دێتە ئەژمار و ئەرکێکە کە کۆمەڵگای کوردستان لە سەر شانی رۆڵەکانی وشیار و تێگەیشتووی خۆی داناوە. پێکهاتەشکێنی و دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ بۆچوون و پێوەندییە نەریتی و سواوەکان و جێگیر کردنی پێوەندییەکانی مۆدێرن و دێموکراتیك لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگا و کارکردە گرینگەکانی تری خوێندکارانی چالاکی کورد بووە کە نابێ لە گرینگییان کەم بکرێتەوە.

لە جێی خۆی دایە لە رۆژێکی ئاوا وێڕای رێزلێنان لە یاد و بیرەوەری ئەو رێبەر و خەباتکارە کوردانەی کە لە ناخی بزوتنەوەی خوێندکاری سەریان هەڵ دا، وەك شەهیدان، ئیسمائیل شەریفزادە و دوکتور "عبدالرحمان قاسملوو" و دوکتور "سادقی شەرەفکەندی" و "فوئادی مستەفا سولتانی" لە هەوڵ و تێکۆشانی خوێندکارانی پێشڕەو و دێموکراتی کورد لەو قۆناغەی ئێستاش رێز بگرین و هاودەنگ لەگەڵیان دەنگ بەرز کەینەوە و هاوار بکەین:

**"خوێندکاران وشیارن و زانکۆ زیندووە "**

# پرسی کوردو تەڤگەری دیاریکردنی چارەنووس

جەلال حاجی زادە

بەشی دووەم و کۆتایی

پرسی کورد لە بازنەی دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا :

یەکێك لە رەهەندەکانی پراکتیزەکردنی ئەو مافە، خودموختاری (autonomy)یە. بە رای کاسسە(Cassese) پرۆسە و میکانیزمێك کە ئەم دووانە (مافی یەکپارچەیی نیشتمانیی دەوڵەتەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کەمایەتیبە ئەتنیکبیەکان) بەیەکەوە گرێ دات و لێکیان نزیك دەکاتەوە، دەستە واژەی خودموختاری یە. (امیدی ١٣٨٥:١٢). دیارە لێرە دا واتای بەرتەسکی خودموختاریی مەبەستە، ئەوەی کە لە بنەمای دۆکترینی لیبراڵ ـ دیموکراسی و لە بنەڕەتدا خودموختاری بە مانای سەربەخۆییە. لە روانگەیەکەوە خودموختاری بە گوێرەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە واتای "مافی پێکهێنانی دەوڵەت یاخود جڤات بۆ هەبوونێکی سەربەخۆو جیاوازە". (وینسینت،١٣٧٨:٣٧٠). لەو گۆشەنیگایەوە بە پێی پرنسیپی خودموختاری هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە کە وەك پێکهاتە و قەوارەیەکی سیاسی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. (انتصار،هەمان،٣٧٠) بە باری زۆریەوە ئەم شێوە تێڕوانینە، خوێندنەوەی لیبرالی باڵی راست و دنیای سەرمایەدارییە. هەر وەك ویلسۆن باسی لەوە دەکرد کە: "خودموختاری وشەیەکی ترە بۆ دەسەڵاتداریەتیی خەڵك". (هەمان، ٣٧٠).

خوێندنەوەی چەپ لەو چەمکە تێگەیشتنێکی پۆلێنبەندکراو و زیاتر ئایدیالە. لە لایەکەوە بیرمەندانی قوتابی چەپ بە تایبەت رێبەران و هۆزانانی کلاسیك پێیان وایە پراکتیزەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێ لە سێ قۆناغی مێژوویی ئابووری، واتە خودموختاری، فیدرالیزم و سەرئەنجام سەربەخۆییدا جێبەجێ بکرێ و بە بارێکەوە وای بۆ دەچن کە ئەو مافە بە بێ هیچ ئەملاو لایەك بە مانای سەربەخۆیی نەتەوەکانە. چەپاژۆییەکان بە هێنانە ئارای فەکتۆری سەلبی "بارودۆخ" و "واقعییەتە"کانی سەردەم و هەنووکەیی، لە هەوڵی ئەوە دا بوون کە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان دوو برگەی ئەم گوتارە واتە "هەر نەتەوە و کەمایەتییەکی ئەتنیکی ـ فەرهەنگی مافی سەربەخۆیی و جودابوونەوەی هەیە" بەڵام "لە بارودۆخی هەنووکەییدا" "پێویستە ئەو نەتەوانە لە هەوڵی وەدەست هێنانی خودموختاری" لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بە مەبەستی رێگە خۆش کردن بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی بەرخۆدان بکات. لەگەڵ ئەوەش خەباتەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ یەکە و سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بە ئامانجی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی پەرە پێ بدات. لینین لەو بارەیەوە دەڵێ:"دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان یانێ جیابوونەوەی ئەو نەتەوەیە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوایەتی". (قاسملو بە نەقڵ لە لینین، هەمان،٣٠٥).ئەو رامانە لە راستیدا پێوەندی بە برگەی یەکەمی گوتاری چەپەوە هەیە و ئەم جۆرە لێدوانە لە دەقی بەرەی چەپ نموونەیان زۆرن، بەڵام تێبینییەکی گرینگ کە لە گۆڕ دایە یەم چەشنەیە کە راستە چەپ بە تایبەتی وەجبەی کلاسیك و بگرە سوسیال ـ دێموکراسییش داکۆکی لە بوونی مافی جیابوونەی نەتەوەی زۆرلێکراو دەکا و ئەوەش وەك بەشی سەرەکی چارەی خۆنووسین بە کۆمەڵگای خولیای کومونیستی و خەبات دژ بە سەرمایەداری دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی جێبەجێ کردنی پێ نادا و بە ڕشکاوی و پراکتیکانە رەوایی بە هیچ جۆر دەستەبەرکردنێکی سیستماتیك و بە دیسیپلین بۆ چێ کردنی ئەو مافە، واتە بوونی ئەو مافە نابەخشێ. بۆ نموونە لینین لەم بارەوە رەنگە وەك سیاسەتوان و هزرڤانێکی لێهاتوو لە هەر هەموویان بوێرانەتر دەپەیڤێ و بە زەقی دەنووسێ: "ئێمە بۆیە داوای ئازادی دیاریکردنی چارەنووس، یانێ جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەتەوە زۆر لێکراوەکان ناکەین کە لێك جیابوونەوە و پێکهێنانی چەند دەوڵەتێکی چکۆڵەمان پێ باش نیەو بە پێچەوانە، ئێمە دەوڵەتی گەورەمان دەوێ... تەنانەت تێکەڵبوونی چەند نەتەوەمان دەوێ .. . کە ئەوەش بە بێ بوونی مافی جیابوونەوە {نەك پراکتیزە کردنی ئەو مافە }ئیمکانی وەدیهاتنی نیە" . (قاسملو هەمان ) دڕدۆنگی دژبەرایەتییەکی زەق لە دەقی لێڕوانین و سەرگرتنی ئەو مافە لە ئارا دایە، هەرچەند لە روانگەی تیئۆری و بینینێکی بەرفراوانی کۆمونیستمەدارانە ئەو دووفاقبوونە لە هەگبەی لێکدانەوەیەکی ئارمانگەرایانە و یۆتۆپیکەوە دەشاردرێتەوە و بەستراو بەوەش رێژەیەکی زۆر لە رێبوارانی کوێرەڕێی چەپ بە دوای سەلماندنی ئەوە دان کە ئەو ڕامانە لە بناغەدا هیچ دژایەتی و ناکۆکییان نیە.

گرینگی و بایەخی ئەو بۆچوونە لێرەوە دێتە بەر چاو کە کەمایەتییە بێ بەشەکان و نەتەوە بندەستەکان هەڵگری ئەو باوەڕە دەبن، ئەو کاتە ناکۆکییەکە بێ گومان رونتر و بە هێزتر دەبێ. یەك لەو نەتەوە بندەستانە کە لە سۆنگەی بیر و باوەڕی کۆنەمارکسیستەکان لەگەڵ پێواژۆی تاڤگەری "مافی دیاریکردنی چارەنووس" ئاشنا و ئاوێتە بوون و هەڵکەوتەو رۆشنبیرەکانیانی شاگەشکە کردووە، گەلی کوردە. لە راستیدا کورد لەو کاتەوە کە لەگەڵ هاورێ باقرۆف دیدار دەکەن، دەکەونە بەر هەژموونی گوتاری زاڵی چەپی کلاسیك و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر لەو بازنەیەدا بۆ وەدەس هێنانی مافی نەتەوەیی! تێ دەکۆشن و هەر بە تەواوی بە سەر پێگەو تێگەیشتنیاندا دەسەپێت، تەنانەت هیچ حیزب و رێکخراوێك لە ماوەی نزیك بە حەوت دەیە لە مێژووی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی. کوردستان لە دەرەوەی جەغزەی ئەو گوتارە پێك نەهاتووە.




باقرۆف لە دیداری دووەمی خۆی لە باکۆ لەگەڵ قازی محەمەد و هاورێکانی ئاوا دێتە ئاخافتن ، سۆڤیەت و مارکسیزم مافی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی هەموو نەتەوە زوڵم لێکراوەکان بە فەرمی دەناسێ و تەنانەت بە فەلسەفە و ئەرکی خۆی دەزانێ، لەگەڵ ئەوەش ئێمە مافی سەربەخۆیی کورد بە فەرمی دەناسین و ئێوە خاوەن ئەو مافەن بەڵام لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا مەسڵەحەت لەوە دایە کە ئێوە بە پێکهێنانی حیزبێك لەم قۆناخەدا داوای خودموختاری و مافی کەمایەتیتان بکەن . (کۆچێرا) لەو دیدارەدا بەرپرسی شورەوی بە نوێنەرانی کورد گوترا کە :"سۆڤیەت لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کەمینەکان پشتیوانی دەکا بەڵام هێشتا کاتی سەربەخۆیی کوردستان نەهاتووە"(د اول،٦: ٤) لەو کاتەوە کورد بە گشتی هەڵگری دروشمی پیرۆزی باقرۆفە و لەو قاپۆڕەدا خەریکی رەمبازینن. لە کاتێکدا لە ماوەی یەکەمی نیشتماندا لە ژێر سەردێڕی "ئامانجەکانی ئێمە" لە خاڵی یەك و پێنجی پێڕەوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد باس لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد دەکرێت، (نوشیروان، ٢٠٠٥ :٦٢ـ٦٣) بە پێی برگەی چواری بەیاننامەی یەکەمی (١٩٤٥)، حیزبی دێموکرات، قازی محەمەد خوازیاری دەست راگەیشتن بە خودموختارییە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا. (هەمان، ٨٧) هەروەها بە دوای سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی تورکیە لە ٦ بەرەو ئەولا مەسەلەی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی" بە پێی موتالای کلاسیکی مارکسیستی کەوتە بەر ئەجەندەی رۆژەڤەوەو لە نێوان خوێندکارانی پێگەیشتووی کورد لایەنگری ئێجگار زۆری پەیدا کرد، ئەو حیزبە بە یەکێك لە سەرچاوەکانی بزاڤی داهاتووی کوردەکان دەژمێردرێت.( بروین سن، ١٣٨٣ :١)

ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە قورسایی بۆچوونی باقرۆف و هەڤاڵەکانی تا ئێستەش وەك گوتاری سیاسیی سەرەکیی مافخوازی گەلی کورد بووە و بەردەوام وێنەی دەقێکی پیرۆز لە لایەن رێبەران و ئیدۆلۆگە حیزبییەکانی بزووتنەوەی کوردی دووپات دەکرێتەوە. لەو دەلاقەوە دوای تێپەڕ بوونی پتر لە سێ دەیە یەکێك لە بیرمەندانی پێگەیشتووی کورد کە رۆڵێکی بەرچاوی لە چەسپاندنی ئەم بۆچوونە بووە لە ژێر گاریگەریی حیزبی تودە و قورسایی بۆچوونەکانی لینین لە خوێندنەوەیەکی چەپدا بەم چەشنە دەقی گوتاری باقرۆف دووپات دەکاتەوەو دەبێژێ: "داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان ...دروشمێکە کە ئێستا ئیمکانی سەرکەوتنی نیە". (قاسملوو، هەمان، ٤) هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا بەو شێوە دەپەیڤێ:"...دەگەینە ئەو ئەنجامە کە لە قۆناغی ئێستادا دروشمی سەربەخۆیی کورد لە باری تیۆرییەوە دروشمێکی ناڕاستە". (هەمان، ٣١٥). مخابن ئەو گوتارە حیزبە راست و کۆنسێرڤاتەکانیش دەتەنێتەوە، بۆ نمونە مەسعود بارزانی بێ پسانەوە وەك تاکتیك لەو ئەزمە ستراتژییە کەڵك وەردەگرێو دەڵێ: ئێمە وەك نەتەوەی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆییمان هەیە، بەڵام لەو بارودۆخەدا خوازیاری بنیات نانەوەی عێراقێکی فێدراڵ و دێموکراتین لەگەڵ برادەرانی عەرەب. گەلۆ ئەو لێدوانە هەر هەمان بنێشتە خۆشکەی باقرۆف و پاشماوەی بیرۆکەی توودەی ئێرانی، خەلق چیلیکی تورکیەو شیوعی عێراقی و سۆسیالیستی بەعس نیە؟

هەرچۆنێ بێت بوونی ماف لەگەڵ دەستەبەر کردن و جێبەجێ کردنی جەغزەو بەستێنی ئەو مافە دوو شتی جیاوازن. لینین سەبارەت بەو دیاردەیە لە نامیلکەی " داننان بە مافی جیابوونەوە" ئاوەها دەئاخفێ: "داننان بە مافی جیابوونەوە قەت رێگا لە مارکسیستەکانی ئەو نەتەوەیە ناگرێ کە دژی جیابوونەوە رابوەستن، هەروەك داننان بە مافی تەڵاق هیچ کاتێك رێگای راوەستان لە دژی تەڵاق ناگرێ". (قاسملوو، هەمان)، ئەوەش بێ گومان بە کردەوە تاپۆ کراوە.

بلاڤۆکی "پرەنسیپی مافە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە پێوەندیی دۆستانە "بە راشکاوی ئەوە لە قاو دەدات کە "ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان نابێ بە چەشنی بیانوویەك بۆ لاواز کردنی گشتی یان بەشێك لە تەواوییەتی سەرزەوینی و یەکێتیی سیاسیی وڵاتانی سەربەخۆ کە لە سەر بنەمای یەکسانیی مافەکان و پرەنسیپی دیاریکردنی چارەنووس، نەتەوەکان ئیدارە دەکەن (کەڵکی لیٌ وەرگیریٌ)و بەو پێیە گشت نەتەوەکانی پەیوەست بەو وڵاتە بە بێ هیچ جیاوازییەك لە باری رەگەز، باوەڕو دەنگ نوێنەرایەتی دەکەن". لە راستیدا داننان بەو مافە لە لایەکی دیکەشەوە پاراستنی چوارچێوەی دەوڵەت ، نەتەوەکان هەر لە سەر بناغەی ئەو مافە خۆی لە خۆیدا موناقشە و تارماییەکی گەورەی پێك هێناوە، دیارە ئەوەش لە خوێندنەوەی کۆنەپارێزەکان و کۆنسێرواتەکانی باڵی راست بە زەقی بەرچاو دێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیدا، دان بە مافی کەمایەتییەکاندا نەنێت و لە هەوڵی سڕینەوەی شوناس و بوون و ناسنامەی ئەم گەلانەدا بێت، تێگەیشتنی کەمایەتییەکان سەبارەت بەو مافە ئەبێ چۆن بێت؟

جێی هیچ ئەملاولایەك نیە کە دەستەبەر کردنی ئەو مافە پێوەندییەکی چڕوپڕی بە داکۆکیی وڵاتە زلهێزەکانەوە هەیە و ئەوەش ناشاردرێتەوە کە پشتیوانیی زلهێزەکان لە پێناوی دابین بوونی بەرژەوندیی خۆیان گەڕ دەخوات، وەك دالدەی ئەمریکا و ناتۆ لە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ و هەروەها بە فەرمی ناسین و یارمەتی و دەوری کاریگەر و راستەوخۆی روسیە لە سەربەخۆیی ئوسیتیای باشوور و ئابخازیا. لەو هێڵەشەوە باڵوێزی بریتانیا لە ئێراقی نوێ سەبارەت بەو دیاردەیە دەڵێت: ئێمەی کورد ناتوانین داوای سەربەخۆیی بکەین مەگەر دەوڵەتێکی زلهێز پشتیوانیمان لێ بکات و بەرژەوەندیی ئێمە (بریتانیا) جارێ ئەوە هەڵ ناگرێ کە پشتیوانی لە کورد بکەین. ( دەقی وتەی باڵوێزی ئینگلستان لە هەرێمی کوردستان) راستە بارستایی و پارسەنگی نێوان هێزەکان لە ناوچە و جیهاندا ـ بە پێوەری بەرژەوەندی ـ لە سەر ئاریشەی کورد زۆر کارتێکەری و کاریگەری داناوە، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە رادەی بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی و پێوانەی داخوازی ئاپۆرەی خەڵك و پێدا گرییان لەو پرۆسەیە رۆڵێکی گرینگ و بێ ئەگەری هەیە. لەو گۆشەنیگایەوە پرەنسیپی راپرسی لەمەڕ شێوازی دەستەبەر کردنی مافی چارەنووسی گەلان یەکێك لە کۆڵەکەکانی دێموکراسییە. ئەو پرەنسیپە کە هێشتا کورد بۆ چارەسەریی یەکجاریی کێشەی نەتەوەیی خۆی لە ژێر زایەڵەی ئەو مافە نەیقۆزتۆتەوە و بگرە لە ناو بازنەی مارکسیستی و بە گشتی چەپدا بە جارێ قەتیس بووە و هەر ئەوەش وای کردووە لە هەمبەر پرس و مەسەلەکەیدا تەریك ببێت. گومان لەوە کە تێگەیشتنی کورد لەو مافە بە گوێرەی تێفکرین و دیسکۆرسی زاڵی چەپ بووە و لە راستیدا بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کوردیی بە تەواوی خستوتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئایا ئەوە پێویستییەکی سەردەم و واقعبینانەیە کە کورد بە پێدا چوونەوەیەکی زانستییانە تێۆری و فەلسەفەیەکی سیاسیی گونجاو تۆمار بکات. و خۆی لە ژێر زەبر و تەوژمی سەفسەتە و بە ناو لێکدانەوەیەکی سیاسیی گونجاو تۆمار بکات؟ و بە ناو لێکدانەوەکانی تایفەی سوسیالیزم و خێڵی مارکسیستی دەرباز بکات؟ ئاخۆ ئەزموونی نزیك لە حەوت دەیە (٤٥ـ) ئەو راستییەی بە نەتەوەی کورد نەسەلماندووە؟

دەرئەنجام

تەوەری مافی دیاریکردنی چارەنووس ( right of self-Determination) لە چوارچێوەی مافی ناونەتەوەیی دەستەواژەیەکی نادیار و تەمومژاوییە و دەکرێ لە دوو روانینی چەپ و راستەوە سەیری بکرێ. لە کلاوڕۆژنەی چەپەوە گەیشتن بەو مافە وەك ئامرازێك بۆ قۆناغی سوسیالیستی و سەرەنجام سەقامگیری کومۆنیست چاوی لێ دەکرێ بەڵام لە رەهەندی راستی لیبڕاڵدا وەك ئامانجێکی سەرەکی هەم بۆ تاك هەم بۆ کۆمەڵ سەیر دەکرێ .

بە گشتی لە لایەکەوە دەوڵەت ـ نەتەوەکان وەك مافی سەروەریی ( سیاسی بە چەشنی شمشێری داموکێڵس بۆ پاراستنی تەواوێتی ئەرزیی خۆیان دەکاری دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە کەمینە ئەتنیکییەکان بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان لە ژێر تەوەری جیا جیا وەکوو خودموختاری، فیدرالیسم و سەربەخۆیی بانگەشەی بۆ دەکەن. دیارە ئەم چەمکەو کاریگەرییەکانی لە پرۆسەی بزووتنەوەی کوردیش رۆڵی خۆی بینیوە و شێوەی تێگەیشتنی تاکی هەڵکەوتی کورد و ستراتیژی بزاڤی کورد لە قاپۆری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا و خۆتێوەگلاندن لە قوژبنی بیرۆکەی مارکسیست ـ لێنینیسمدا ئەوە بۆ ئێمە مسۆگەر دەکات .

گرینگی و تایبەتمەندیی ئەو زاراوەیە تا رادەیەکە کە نەتەوەی کورد پێویستی بە روانینێکی ناسیۆناڵ ـ دێموکراتانە و بە رەچاو کردنی سیستماتیکی دۆزی ئاڵۆزی خۆی، لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و ناونەتەوەیی هەنگاوی شیاو وزانستییانەی بۆ هەڵ بگیرێت و کۆمەڵگا بە رۆحێکی پێویست پەروەردە بکات و بخوازێ وێژەو گوتاری سیاسی ـ فەرهەنگیی خۆی لە بن دەمامکی چەپ رزگار بکات.

باسێکی گرینگتر کە دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ کە پرۆسەی بزوتنەوەی کوردی بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە بیرێکی پێویست و پڕ بە پێستی پرسگەری کورد بدۆزێتەوە و لەو دیمانەوە سەیری چۆنیەتیی دابین کردن و دەستەبەر کردنی ئەو مافە بکات. بە دەربڕینێکی ساکار پێویستە گەلی کورد وێڕای پێناسە کردنێکی راست و سەردەمییانە لە پرسی کورد، سەبارەت بە کاریگەریی مافی چارەنووسی گەلان رەوت و شێوازو مکانیزمێکی راشکاوانەو گونجاو بگرێتە بەر و بزانێت چی دەوێت و مافە نەتەوەییەکانی لەو هێڵەوە شێلگیرانە پۆلین و دەستەبەر بکات .

* سەرچاوەکان لە ئارشیوی رۆژنامەدا پارێزراوە.

# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان

بەشی یەکەم

و لە .فارسییەوە: کوێستان فتووحی

**ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی لە یەکەمین خوێندنەوەی خۆی دا لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بەو ئاکامە گەیشت کە لە هەر ١٨ چرکەدا ژنێك دەکەوێتە بەر هێرش و رەفتاری خراپ. تەنانەت دوو گیانییش (بارداری) ژنان لە توندوتیژی پیاوان ناپارێزێ.**

**لە سەدا ٣٠ تا ٣٥ی ژنانی ئەمریکایی لە لایەن مێردەکانیانەوە دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی و لەسەدا ١٥ تا ٢٥ی ئەوان لە کاتی دووگیانییش دا ئەزییەت و ئازار دەدرێن. هەروەها لە هەر ١٠ قوربانیی ژن سێ کەس لە لایەن مێرد یا پیاوانی دیکەوە کوژراون. لە شیلی لەسەدا ٦٣ی ژنان دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی. لەسەدا ٤١ی ژنانی هێند بە هۆی ئازاری جەستەیی هاوسەرەکانیانەوە خۆکوژی دەکەن. لە بێنگلادیش زیاتر لە سەدا٥٠ی کوشتنەکان بە هۆی توندوتیژیی پیاوانەوەیە.**

بە داخەوە لەبارەی ئێرانەوە هیچکات ئامارێکی دروست و روون لەبارەی ئەو توندوتیژییەی کە لە ماڵەکاندا رووبەرووی ژنان دەبێتەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە بیروباوەڕی پیاوسالاری بە شێوەیەك ئەو توندوتیژییە بە سروشتی پیاو دەزانێ و هەوڵ دەدا پاساوی بۆ بنێتەوە و بە ژنانی بقبووڵێنێ کە ژن بە جلوبەرگی سپییەوە دەچێ بۆ ماڵی بەخت و هەرچییەکی بە سەر بێ دەبێ بە کفنی سپی‌یەوە لەو ماڵە بێتە دەرەوە. توندوتیژی دژی ژنان جێگە و شوێنی تایبەتی نیە. لە ماڵ، شەقام یا شوێنی کاردا رووبەرووی ژنان دەبێتەوە. لە زۆربەی وڵاتان ناوەندێك بە ناوی ماڵەئارامەکان هەن بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێ تا ئەو کاتەی مەترسی هەڕەشەیان لێ دەکا، پەنای بۆ دەبەن، بەڵام لە ئێران تا ئێستاش شوێنی ئارام بۆ ژنانێك کە ژیانیان لە مەترسی دایە نیە.

کاریگەرییەك کە توندوتیژی لە سەر ژنی دادەنێ زیاتر لەوەی کە جەستەی بروشێنێ رۆحی بریندار دەکا و ئەو هەستە لەلای دروست دەکا کە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە و بەرکار و ناچالاکە.

### هۆکاری توندوتیژی دژی ژنان

هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە رێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ریشەی لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا. هەر ئەوەی کە زۆربەی کچان و ژنان ئامادە نین توندوتیژیی نێوماڵ بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە زۆربەی وڵاتان پێداچوونەوەیەك لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، ئاماری توندوتیژییەکانی نێو ماڵ راست و دەرخەری راستی‌یەکان نین. بەو حاڵەش ئامارە کۆکراوەکان هەروا راچڵەکێنەرن.

بە وتەی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا لە شێرپەنجە و روداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردن و کەمئەندامیی ژنانی ١٦ تا ٤٤ ساڵیی ئورووپایی. بەڵام هێندێك لە وڵاتان بە یارمەتیی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ رێگای نوێیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە گرتۆتەبەر. بۆ نموونە حکومەتی ئیسپانیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوماڵ، لەسەر بناغەی کۆکردنەوەی راوبۆچوونی ژنانی زیان دیتوو سیاسەتێکی دارشتوە. یاسای تازە بۆ رێکخراوی لەشساغی و پۆلیسی ئیسپانیا هێزێکی زۆرتری بۆ تەرخان کردوە تاکوو پێش ئەوەی رووداوی مەترسیدار روویدا، پێشگیری لە رەفتاری توندوتیژانەی پیاو بکا. ئەو یاسایە هەروەها لە قوربانیانی توندوتیژی پشتیوانی دەکا تاوەکوو هەست بە تەنیایی نەکەن.

### ئاماری جیهانی هەروا ترسێنەرە

بە پێی مەزەندەی دەوڵەتی رووسیە رەنگە لە ساڵی ١٩٩٩دا نزیك ١٤ هەزار ژن لە لایەن خزم و خێشی خۆیانەوە کوژرابن. بەو حاڵەش لەو وڵاتە یاسایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بنەماڵەیی نیە. لە ئەفریقای باکوور رێژەی ئەو ژنانەی لە ماڵەوە بە گوللە دەکوژرێن زیاتر لەوانەیە کە لە دەرەوەی ماڵ لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژراون. بیروبۆچوونی نەریتی لەو جۆرە وڵاتانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئامارێکی بەڵگەدار لە رێژەی رووداوەکانی نێوماڵ لەدەست دا نەبێ.

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێشتر لە سەر توندوتیژیی نێوماڵ لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا وتی لە وڵاتێکی وەك ئەفغانستان کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی زۆر ریشەدارە، ژن وەك موڵك و ماڵ چاوی لێ دەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە.

فرەژنیش دەتوانێ پەرە بە توندەتیژی نێوماڵ بدا. چونکە بە پێچەوانەی رێوشوێنە ئیسلامییەکان پیاوان بە شێوەیەکی گشتی بۆ هێنانی ژنی دووەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن بۆیە دەمەقاڵە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی. باسی فرەژنی ئێستا لە عێراق بۆتە مەسەلەیەکی سیاسی. لە ئێرانیش لە پەنای مەسەلەی مافەکانی ژن، زۆر بوونی ئاماری چەند هاوسەری پیاوان بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان (بە تایبەت لە دەستەو گرووپە تەمەنییەکانی سەرەوەدا) زیاتر لە رابردوو بەرانبەر بە مافەکانی خۆیان هەستیار بن و بۆ پارێزگاری لەو مافانە هەوڵ بدەن.

توندوتیژی دژی ژنان کردەوەیەکی شاراوەیە بەڵام ژنان لە کۆمەڵگە جیاجیاکان بە هۆکارگەلی وەك سزای توندو نەبوونی پشتیوانیی یاسایی لە دەربرینی نارەزایەتی خۆدەپارێزن. توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ، تەنیا هی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان نیە. لە هەموو جێیەکی دنیا ژنان کەم و زۆر دەکەونە بەر هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی، رەگەزی وزارەکی. لێکۆڵەرەوان لە بابەتێك دا بە ناوی، توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارەکانی توندوتیژی و رێگاکانی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەیان تاوتوێ کردوە.

دوکتور نیلوفەر میکاییلی ئەندامی هەیئەتی زانستیی دەستەی دەروونناسی زانستگەی ئازادی ئیسلامیی ئەهواز لەم وتارەدا توندوتیژی دژی ژنانیان بە دیاردەیەکی جیهانی‌لەقەڵەم داوە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی لە هەر کات و شوێنێك دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت.

فاتیمە سورخی ئەحمەدی لە کۆڕێك دا بە ناوی ژنان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان گوتی: بەربڵاویی توندوتیژی دژی ژنان تا رادەیەك لە تەواوی توێژە کۆمەڵایەتی، ئابووری، نژادی، تەمەنی و جوگرافیاییەکان دا دەبینرێ هەر چەند کە ئەو دیاردەیە لە نێو هێندێك گرووپ دا زۆرترە. فاتیمە سورخی ئەحمەدی توندوتیژیی بە رەنگدانەوەی لە هەستی شەڕاشۆیی دانا و وتی: توندوتیژیی نێوماڵ شێوەیەکی تایبەتە لە توندوتیژی کە لە بنەماڵەدا دەکرێ و دبێتە هۆی زیان یا ئازاری جەستەیی و دەروونی و رەگەزی.

ئەو هەروەها وتی، سێ هۆکاری سەرەکیی هەڵسوکەوت، زیان و رەگەز لە هەموو جۆرە توندوتیژی‌یەك دا دەبینرێ. ئەو وتی: رەگەزی زاڵ زۆرتر پیاوە لە هێندێك کات دا ژن بێجگە لە هەڵ کردن لەگەڵ هەڵسوکەوتی توندوتیژی هاوسەر لە لایەن باوك و برا و تەنانەت منداڵی کوڕیشەوە دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ. ئەو کارناسە ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد کە: ژنان لە ژیانیان دا چوار جۆر توندوتیژی وەك جەستەیی، دەروونی، ئابووری و رەگەزی ئەزموون دەکەن. ئەو وتی: توندوتیژیی جەستەیی جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و توور هەڵدان دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی روویدا. ناوبراو وتی: توندوتیژیی دەروونیش ئەمانە دەگرێتەوە: رفتاری ملهوڕانە بە مەبەستی سووکایەتی کردن بە ژن، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، جنێو و سووکایەتی، رێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن لە ماڵەوە. ناوبراو گوتی: ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا.

بەبڕوای ئەو نەدانی خەرجیی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی ئابووری لە ژن و زیان گەیاندن بەو کەلوپەلانەی ژن ئۆگری پێیان هەیە بە جۆرێك توندوتیژیی ئابووری لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن و وتی: لە زۆر وڵاتاندا ژنان هێزی کاری بێ حەقدەست و بێ داهاتن، هەر ئەمەش بوار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی ئابووری بەرانبەر بەوان دەرەخسێنێ بە جۆرێك کە لە هێندێك بواردا ژنان تەنانەت مافی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی خۆشیان نیە. ئەو کەڵك وەرگرتنی توندوتیژانە و بێ رەزامەندیی ژن، زۆری کردن لە پێوەندیی سێکسی‌دا، رێگەنەدان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئامێری پێشگیری لە دووگیانی و سەرنج نەدان بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژن بە نموونەی ئەو توندوتیژییە رەگەزییانە دانا لە دژی ژنان.

**ساڵی یەکەمی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی (هەژاری) و لە دایك بوونی منداڵ و چوونە سەری تەمەن، بە پڕ توندوتیژیترین سەردەمی ژیانی ژنان دێتە ئەژمار.**

ناوبراو ساردوسڕی لە پێوەندی سێکسی و جۆرەکانی لادان بە ئاکامەکانی ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە ژناندا دانا و لەم بارەیەوە کە ئازاری سێکسی لە شوێنی کار لە زۆر وڵاتان دا ئامارێکی بەرزی هەیە وتی: لە ئینگلستان لە هەر ١٠ ژن ٧ کەس لە دەورانی ژیانی کاری‌دا تووشی ئازاری سێکسی دەبێ. ئەو لێکۆڵەرە ئەوەی بە قسەکانییەوە زیاد کرد کە بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ١٠٠ هەزار پەروەندە لە ساڵی ١٣٨٠ لە ٢٨ پارێزگای وڵات کراوە ساڵی یەکەمی پێك هێنانی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی، لە دایك بوونی منداڵ و چوونەسەری تەمەن، لە دەورانە پڕ لە توندوتیژییەکانی ژیانی ژنانن. ئەو گوتی: بە پێی لێکۆڵینەوەیەك ئەو ژنانەی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە رفتاری توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێ، پێنج هێندە زیاترن لەو ژنانەی کە بەرەورووی زیانە دەروونییەکان و مەترسیی خۆکوشتن و ٦ هێندە زیاتر رووبەڕووی تێکچوونی دەروونی دەبنەوە. ئەو وتی هۆکارە دەروونی، تاکەکەسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە توندوتیژی دا کاریگەری هەیە و گوتی: لە نێو ئەو بنەماڵانەی کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن و ئەلکول، بێکاری و کێشەو هەڵلایان تێدایە توندوتیژییش زیاتر بەرچاو دەکەوێ. ئەو دەروونناسە ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد: ئەو پیاوانەی کە لە منداڵی‌دا شاهیدی لێدانی ژنانی نێو بنەماڵە بوون لە گەورەییش دا زۆرتر توندوتیژی بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان دەنوێنن. ئەو گوتی: کەسانی کرچ وکاڵ، بێ‌حەوسەلە، بەستراوە، وازوازی و یا ئەو کەسانەی لە هەستی نالێهاتوویی ئازار دەچێژن زۆرتر دژی ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێ و گوتی: منداڵێك کە نموونەیەکی شەرانی و شەڕنگێزی هەیە لە گەورەییش دا رەفتاری وەك ئەو لە خۆی نیشان دەدا. ئەو پێی وایە چاولێکەری کەسانی شەڕانی، رەفتاری تاقیکارانە، مەیلی لاساییکەرانە بۆ دەربڕینی پیاوەتی، پێوەندییە پیاوسالارییەکان، تەحەمول کردن لە لایەن ژنەوە و هۆکاری فەرهەنگی، شوێن و جێگە لە دەربڕینی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەریی هەیە.

ئەو پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری توندوتیژی لە دژی ژنانی وەك توندوتیژی مۆدێرن لەقەڵەمدا و وتی: مۆدێرنیسم نەتەنیا پێگەی سەرەکیی ژنانی زیندوو نەکردۆتەوە، بەڵکوو ئەوان بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە بەر سووکایەتی. ئەو فرۆشتنی کچانی لاوو مێرمنداڵ لە لایەن باوکانی هەژار بە ناوەندەکانی لەشفرۆشی و گەشەی بازاڕی فیلمە بێ‌ئەخلاقی‌یەکان لە رۆژئاوای وەك نموونەیەك لە توندوتیژیی مودێرن لە دژی ژنان ناوبرد.

فاتمەی سورخی ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی چەند لایەنیە و گوتی: بەربەرەکانیش لەگەڵی‌دا پێویستی بە دەرمانی چەند لایەنە هەیە. ئەو بنەماڵە دەرمانی، دروست کردنی ماڵی ئارام، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، بەشداری کردن لە کلاسە فێرکارییەکانی پێش پێك هێنانی ژیانی هاوبەش، راوێژی زەماوەند، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... لە رێگرتن لە توندوتیژی لە دژی ژنان دا کاریگەرییەکان هەیە و گوتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زۆر لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بە تایبەت توندوتیژی نیوماڵ، کراوە. بە پێی دوایین بەدواداچوونەکان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگای وڵات لانی کەم حەفتا لێکۆڵینەوەی مەیدانی جێی باوەڕ لەبارەی توندوتیژیی نێو ماڵ لە دژی ژنان بەرێوەچووە. زۆرتری ئەو لێکۆڵینەوانە لە دوای ساڵی ١٣٧٠ەوە تا ئێستا کراون کە نیشان دەدەن کە لێکۆڵەران و زانستگەییانی ئێرانی لەم ساڵانەی دوایی دا ئۆگری و سەرنجێکی تایبەتیان بە هەڵسەنگاندن و بەدوادا چوون لە بارەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەیدا کردوە.



سۆژنە

## گەرموگوڕیی بازاڕی لەشفرۆشی لە ئێراندا

عەلی بداغی

رۆژنامەی سەرمایە، چاپی تاران بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە گروپێك لە کارناسە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند شارێکی ئێراندا ئەنجامیان دابوو، کۆمەڵە ئامارێکی نوێ و جێی سەرنج و گرینگی لە پێوەندی لە گەڵ پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێراندا خستۆتە روو. کاکڵی لێکۆڵینەوەی ئەو گرووپە کارناسییە ئەوەیە کە "لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠دا تەمەنی لەشفرۆشی لە سەروو ٣٠ ساڵ بوو، بەڵام تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێستادا بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە"، "پێشتر سەڵتەکان زیاتر روویان لە لەشفرۆشی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە پتر لە نێو خێزاندارەکاندا پەرەی گرتووە"و هۆکارەکانی توشبوون بە نەخۆشی ئایدز لە گواستنەوە خوێنییەکان بۆ پێوەندییە سێکسییە نایاسایەکان گۆڕاوە.

کارناسە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك هۆکار بۆ پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا مرۆییەکان داو تێکەوتنی سۆزانییەکان بۆ ئەو لادانە* ریز دەکەن کە گرنگترینیان بریتین لە: هەژاریو دەسکورتی، بێکاری، تەڵاق، بێ هاناو پشتیوان مانەوەی ژنانی سەرپەرستی خێزان، چوونە سەرێی تەمەنی هاوسەرگیری، چوونەسەرێی رێژەی ژنانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکان، داواکاریی زۆری پیاوانی تامەزرۆی پێوەندی گرتن لە گەڵ سۆزانییەکان و داهاتی زۆرو بوونە پیشەیەکی پڕ خێرو بێر بۆ سۆزانییەکان و هتد. پسپۆڕانی دەروونناسیش ئاماژە بە "کارتێکەرییەکانی بیچمگرتنی خراپی کەسایەتیی تاك لە کۆمەڵگا"، "تاپۆ کرانی پرسە جنسییەکان و پەروەردەی جنسی لە سیستمی پەروەردەیی خێزان و کۆمەڵگا" و " بواری تایبەتی رێخۆشکەرو پاڵنەری تاك وەك کەشی نا ئەمنی خێزان، هەست بە کەمی سۆزو خۆشەویستی لە قۆناغی منداڵیو مێرمنداڵی" وەك هۆکاری سەرەکیی روو تێکردن لە لەشفرۆشیو چوونەسەرێی رێژەی سۆزانییەکان ناو دەبەن. بەڵام گرینگ لێرەدا خەمساردی بەرپرسان و بەرێوەبەرانی وڵاتە کە وا سووك و ساناو بێ هیچ پلان و پرۆژەیەك بۆ چارەسەریی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت ئەو خەسارانە تێ دەپەڕن کە رۆژ بە رۆژ لە کۆمەڵگای ئێراندا پەرە دەستێنن.

ژیانی ژنانی سۆزانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوان بەردەوام لە ترس داو لە باوەش تەنیایی‌دا دەژین، ئەوان بێبەش لە سۆزو خۆشەویستین و تەنانەت لە لایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە زیاتر لە پیاوان وەك کەسانی سووك و چرووك و بێ بایەخ سەیر دەکرێن و لە کۆمەڵگادا وەرناگیرێن، بەڵام پرسیار ئەوەیە تۆ بڵێی کامە ژن چێژ لە فرۆشتنی جەستەی خۆی وەك تایبەتی‌ترین شتی خۆی وەرگرێ؟ کامە ژن عەودال و تینووی ئەو جۆرە تێڕوانین و بینینانەیەکە کە بەردەوام وەك نیچیرێك لە سەر خوی هەستی پێ دەکا؟ کامە ژن پێی خۆشە مۆتەکەی ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوام بە سەرەوە بێ؟ ئەگەر نیازو پێویستییەك، پێویستییەك گرینگتر لە هەموو بەهاکان ناچار بە تێوەگلان لە زەڵکاوی ئەو لادانەی نەکا، جا ئەو پێویستیە چ ماددی بێ، چ عاتفی و دەروونی.

پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێراندا کاریگەریی بەرچاوو نیگەتیڤی لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەك چوونە سەرێی رێژەی ئیعتیاد، پەتای ئایدز، تاوانکاری، کاڵبوونەوەی بەها مرۆییەکان و سست و لەرزۆك کردن و لێك ترازانی شیرازەی خێزان هەیەو ئەوەش وا دەخوازێ لە کۆمەڵگای بەهاخوازو نۆرم ویستی ئێراندا وەك مەترسییەك بە هێند وەربگیرێ و مشووری ئەوەی لێ بخورێ کە ئاسەوارە زیانبارەکانی بە لانیکەمی خۆی بگەیەندرێ. بۆ ئەوەش یەکەم هەنگاو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تیۆریی جنسی لە ئێراندایە. لە ئێستادا بە هۆی چوونەسەرێی تەمەنی پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش و دابەزینی تەمەنی بلووغ و خۆناسین، مەودای نێوان خۆناسین و هاوسەر گیری بە ١٥ تا ٢٠ ساڵ گەیشتوە، تێکدانی ئەو باڵانسەو کەمکردنەوەی ئەو مەودایە لە رێگەی پلان و پرۆژەی ئاسانکارییەوە دەتوانێ گرینگ و شوێن دانەر بێ. شکاندنی تابۆی جنسی لە سیستمی پەروەردەیی‌دا، کەمکرانەوەی رێژەی بێکاری، هەژاریو کەلێنی چینایەتیو خوێندنەوەی نوێ بۆ قوناغی لاویو نەهێشتنی کۆت و بەندو مەحدوودییەتەکان زەروورەت و "دەبێ" کانی پرسی کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشین کە دەبێ بە هێند وەر بگیرێن و پلان و بەرنامەیان بۆ دابنرێ.

* بۆیە دەڵێم لادان، چونکە ئەو دیاردەیە لە هێندێك کۆمەڵگادا وەك کارو پیشە سەیر دەکرێ و لە هێندێك کۆمەڵگاش دا وەك لادان و تاوان دەژمێردرێ.

## ڕووداوی فەرهەنگی

### فڕینی پێنج کۆتری ئاشتی لە ئاسمانی سەحنەی کرماشاندا

سەید خەلیل عالی نژاد لە ساڵی ١٣٣٦و لە سەحنەی کرماشاندا چاوی بە دنیا هەڵێنا. باوکی سەید شامراد عالی نژاد ژەنیاری تەنبوور بوو.

سەید خەلیل ژەنینی تەنبووری لە خزمەت سەید نادر تاهیریدا دەست پێکردو پاش دوو ساڵ چووە لای سەید ئەمروڵا شای ئیبراهیمی. هەروەها کەڵکی لە شارەزاییەکانی دەروێش ئەمیری حەیاتی وەرگرت و دواتر چووە خزمەت مامۆستا عابدین خادیمی.

لەم قۆناغەدا هاوکات سەرپەرشتی گروپی تەنبوورژەنانی سەحنەی وەئەستۆ گرت. عالی نژاد لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠دا رشتەی مۆسیقای لە زانکۆی تاراندا تەواو کرد. لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠دا گروپی تەنبووری شەمس بە سەرپەرشتیی کەیخوسرەو پوورنازری پێك هات و عالی نژاد چووە ناو ئەم گرووپەوە. بەرهەمی هاوکاری لەگەڵ ئەم گرووپە ژەنینی ئاوازی هەرمانی سەید خەلیلە لە کاسێتی دەنگی "وتەی ئەڤین" کە بە دەنگی شارام نازری بڵاو بوویەوە.

لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠دا عالی نژاد ماڵئاوایی لە وڵات کردو رووەو سوید وەڕێ کەوت. بەڵام سەرئەنجامی ئەم کۆچە کوشتنی نامرۆڤانەی سەید خەلیل بوو.

لە ٢٧ی گەلاڕێزانی ١٣٨٠دا سەید خەلیل لە شاری گوتێنبێرگی سوید بە دەستی کەسانێکی نەناسراو کوژراو ماڵ و مەیتی خۆشی لە ئاگردا سووتێنران.

٢٧ی گەلاڕێزانی ١٣٨٠ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٧ی گەلاڕێزانی ٧٥٢ی کوردی بۆ پەیڕەوانی ئایینی یارسان، خەڵکی کرماشان و زۆرێك لە ئێرانییەکانیش وەبیرهێنەرەوەی سەید خەلیل، یەکێك لە گەورەکانی ئەم ئایین و شارو وڵاتەیە. ئەمساڵ رێورەسمی یادکردنەوەی سەید خەلیل، هونەرمەند و کەسایەتیی مەزنی ئایینی یارسان لە سەر گۆڕەکەی لە یەکەمین پێچی دەربەندی سەحنە، گۆڕستانی کەونی شار بەڕێوە چوو.

### نیوەی مانگ لە نێو سەد فیلمی هەڵبژاردەی ٢٠٠٨دا

رەخنەگرانی بەناوبانگی تایمز باشترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٨یان هەڵبژارد کە لە ناویاندا بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٧یش هەیە.

لە لیستێکی گۆڤارەکەدا کە سەد فیلمی هەڵبژاردەی لە سەرانسەری جیهان تێدایە، پێنج فیلم وەك شاکار ناسراون. شوالیەی تاریکی، فیلمی پڕفرۆشی کریس نۆلان یەکێکە لەم پێنج فیلمانە. هەروەها فیلمی گوموار لە دەرهێنانی ناپولی ئیتالی، پیاوێك لەسەر کێبڵ لە دەرهێنانی رەها ئەردەمی تورك لە ریزی شارەکانی تر دان.

لە ناو ئەو سەد فیلمەدا فیلمی نیوەی مانگی دەرهێنەر بەهمەن قوبادییش هەیە کە هەدیە تێهرانی و گوڵشیفتە فەراهانی رۆڵی تێدا دەبینن. نیوەی مانگ هێشتا لە ئێران رێگەی نەمایشکردنی نەدراوە.

# هەقیقەت درۆیە

## وتووێژ لەگەڵ کاترین کامۆ (کچی ئالبێر کامۆ)

دانیەل ئەیگان

و. بۆ کوردی: سامان کۆنەپۆشی



سەبارەت بە بەشداری لە کۆنفرانسی ئالبێر کامۆ لە پاریس بە درێژایی شەو خەریکی خوێندنەوەی کتێبی "نامۆ" بووم، بە جۆرێك کە چاوەکانم زۆر هەڵ ماسیبوون. ئەمە تاکانە کتێبێك بوو کە لە کاناداوە بۆ ژیانی تازەم لە شاری رووناکی، پاریس هێنابووم. خوێندنەوەی "نامۆ" بۆ دەیەمین جار وەك گەڕانەوەیە بۆ ماڵێك کە پێشتر لەودا ژیاوی. هێندێك لە شتەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام شتگەلێکیش هەن کە بۆ تۆ زۆر گۆڕاون. کۆنفرانسی دوو رۆژەی ئالبێر کامۆ ناوی "تەوەری درۆ" بوو، کە لە لایەن ناوەندی کەلتووریی "پۆمپیدۆ"وە رێك خرابووو وتاربێژانێك لە زانکۆکانی سەرانسەری ئەورووپاوە بانگێشت کرابوون. ١٠ دەقە دوای وتاری یەکەم بە خۆمم وت باشتر وا بوو لە بری خوێندنەوەی "نامۆ"، فەرەنسییەکەم بەهێز کردبا.

بە خۆشییەوە رۆژی دووەمی سمینارەکە کەسێکم دۆزییەوە کە وەك من هەستی بە سەرلێشێواوی دەکرد. کاترین کامۆ هەر وەك باوکی بوو، بە چاوە خەماوییەکانیەوە هەر لە کامۆ دەچوو. خۆی دەڵێت زیاتر لە دایکم دەچم. کاترین ژنێکی بالاکورت بوو بە دامەنێکی نگیناوی، پاڵتۆیەك بە رەنگی خاکیو کڵاوێکی دووراو کە بە شێوەی خوار لە سەری کردبوو. کاتێك دایکی کاترین، فرانسیس کامۆ لە ساڵی ١٩٧٩دا مرد، کاترین بوو بە بەرپرسی ملکەکانی باوکی. تێکڕای داواکارییەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو نمایشکردن، داوای بەڕێوەبردنی شانۆ لە سەر کامۆ، بڵاوکردنەوەی وێنە بنەماڵەییەکانو تەنانەت نامەکانی کامۆ لە ئەستۆی ئەو بوو. نووسەرە خۆشەویستو رەزاشیرینەکان هەر وەك خزمو کەس وانو هۆگریان دەبیت. بە تامەزرۆییەوە گوێ لە تەواوی ئەو شتانە دەگری کە لە سەریان باس دەکرێتو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترو زۆرتر خۆشیانت بووێت. ئەوان وەك باوكو دایکت نین کە سزات بدەن. هەمووکات لە لاتن. هەر کاتێك کتێبێك دەکەیەوە ئامادەی وتووێژێکی دلگیرن لەگەڵتداو، کاتێك منداڵەکانیان دەبینی دەڵێی لەگەڵیان هاوخوێنی. بە فەرەنسییەکی دەستو پێ شکاو کاترینم رازی کرد لە سمینارەکە بێتە دەرێ، تا هەم سیگارێك بکێشێتو هەمیش وتووێژێکی لەگەڵ بکەم.

ئەیگان: پێت وایە ئەگەر باوکت زیندوو بایە چ هەستێکی بەرامبەر بەو کەسانە دەبوو کە لە سمینارەکەدا قسەی لە سەر دەکەن؟

کاترین: من هیچکاتێك خۆشم لەم سمینارانە نەهاتوە. کۆبوونەوە لە سەر کامۆ لە درۆیەك زیاتر نیە. من داوەری لە سەر بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوە ناکەمو رەخنەشیان لێ ناگرم. ئەوان کاری خۆیان دەکەنو هەستیکی باشیشیان سەبارەت بەم کارەیان هەیە. بەڵام ئێرە شوێنی من نیە. لێرە کتێبێك دەکەنەوەو بەشێکی دەخوێننەوە. کتێب کۆیەکی هاوئاهەنگە، بەڵام لە کۆبوونەوەکاندا تەنیا بەشێکی دەخوێننەوە. ئەوان بەم کارەیان چێژو زەوقی ژیان لە کتێبەکە دەستێننەوە. ژیان گشتێتییەکە. کۆیەکی تەواو. بۆیەشە خوێندنەوەی بەشێك لە کتێبێك بە مانای ئەستاندنەوەی رۆحی کتێبەکەیە لێی.

ـ هەموو وتاربێژانی ئەم کۆنفرانسە ئەورووپین. تۆ دیدارت لەگەڵ خوێندکارانو لێکۆڵەرانی عەرەب، بە تایبەتی ئەلجەزایەرییەکان هەبووە؟

ــ نە! من هیچ شتێك لە سەر ئەلجەزایەر نازانم. کاتێك چوومە ئەوێ تەنیا کچۆڵەیەك بووم. نامەوێ بڕۆم بۆ ئەوێ. بۆ من هەمووان مردوون، بۆ بنەماڵەکەشم هەروەها.

ـ چەند ساڵت بوو کە باوکت مرد؟

ـ چواردە ساڵ.

ـ کام کتێبی باوکت بەر لە مردنی خوێندبۆوە؟

ـ تەنیا یەکیان. کاتێك ١٢ ساڵم بوو "کالیگولا"م خوێندەوە. سەری سوڕمابوو. پێم وت کتێبێکی بەتامەو سەرنجی راکێشاوم. پێی وتم سەرنجی راکێشاوی؟ و منیش وتم، بەڵێ.

ــ ئایا دواتر کە کتێبەکەت بۆ جارێکی تر خوێندەوە هەمدیسان هەر وەك جاری یەکەم سەرنجی راکێشایت؟

ـ هەم بەڵێو هەمیش نە. ئەم کتێبە هەمیشە بۆ من سەرنجڕاکێش دەبێت، بەڵام هەندێك شتیش هەن کە وەك جاران سەرنجمان راناکێشن.

ــ بە دڵنیاییەوە پێداچوونەوەی "مرۆڤی یەکەم" ئەستەم بوو. ئەم کارە چەنێکی خایاند؟

ــ پێم وا بێت پێنج یان شەش مانگ. لە ساڵی ١٩٨٠وە کارگێڕیی کارەکانی باوکم گرتە ئەستۆو ماوەیەکی بە سەردا رابورد هەتا کارەکانم ناسی. شەوو رۆژ خەریکی کار بووم، تەنانەت سەریشم هەڵ نەدەهێنا. بە راستی ماندوو بووم (لێرەدا کاترین چاو لە تەپڵەکەکە دەکات). دەتوانین ئێستا سیگارێك بکێشین؟

ـ براکەشت ماوە؟ (کاترینو براکەی دووانەن)

ـ هەم بەڵێو هەمیش نە! براکەم هیچکات لە سەر خۆی قسە ناکات. منیش قەت قسەی لە سەر ناکەم. نایەوێت.

ــ دایکت لە ساڵی ١٩٦٠دا گەرەکی بوو "مرۆڤی یەکەم" بڵاو بکاتەوە. بەڵام بۆشگای ئەوکات لەبار نەبوو. نووسەرو فەیلەسووفانی تری ئەو سەردەمە، سەبارەت بە باوەڕە دژەکۆمۆنیستییەکانی کامۆو ئینتیمای بۆ رێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی دژایەتییەکانی فەرەنساو ئەلجەزایەر، پشتیان لێ کرد. پێم وا بێت هۆکارگەلێکی دیاریکراو لە پشت هێرشەکانیانەوە بوو. لەوانەیە پێیان وا بووبێت کە کامۆ سوکایەتی پێ کردوون؟

ــ سوکایەتی شایانی وانە نەك کامۆ، هەر بەو جۆرەی کە منیش شایانی سوکایەتیپێکردن نیم.

ـ هیچکات حەزت لێ بووە ببیتە نووسەر؟

ـ نە. حەزم لە نووسینی ئاوازە. بۆ من وەك خەون وایە.

ــ بیرەوەرییەکانی خۆت دەنووسی؟

ـ نە. چونکە هەر کاتم بۆی نیە.

ـ ئێستا خەریکی چ کارێکیت؟

ـ نازانم. زۆر کارم هەیە بیکەم. بەڵام زۆر ماندووم. نازانم چەند ساڵم بێ پشوو رابردوە. ئەمن بنەماڵەم هەیە، ژیانێکی تایبەتیم هەیە. هەموو ئەو ماوەیە تەنیا کارم کردوە. بەڵام ماوەیەکە لەگەڵ دۆستێکمدا کار دەکەم. دەمانەوێ بە شێوەی هاوبەش کار لە سەر فیلمنامەی "نامۆ"، یان لەوانەشە "تاعوون" بکەین.

ـ ئایا فیلمنامەکەت هەڵبژاردوە؟

ــ هێشتا فیلمنامەیەك ئامادە نەکراوەو منیش تەنیا خەریکی خوێندنەوەی ئەو فیلمنامانەم کە هاتوون. تا ئێستا هیچ دەقێك سەرنجی رانەکێشاوم، چونکە لە بیرو ئایدیالەکانی من دوورن. من حەزم لە فیلمەو شانۆم خۆش ناوێت. تا ئێستاش زیاتر دەقگەلێکی شانۆنامەییم بەدەست گەیشتوە هەتا فیلمنامە.

ــ پێت خۆشە زیاتر چ کارێك بکەیت؟

ـ من پارێزەر بووم. بەڵام کاتم بۆ ئەم کارە نەبوو. دایکم زۆر گەنج بوو کە مرد. جێبەجێکردنی هەموو ئەم کارانە بۆ دایکم زۆر ئەستەم بوو. چونکە ئەو هاوسەری کامۆ بووو من کچی ئەوم. ئەگەر من هەڵە بکەم زۆر گرنگ نیە، بەڵام ئەگەر ئەو هەڵەی کردبا جیاواز بوو.

ـ مەبەستت لە هەڵە چیە؟

ـ ئەوەی کە توشی شکست بیت. هەمووان توشی شکست دەبن.

ــ زۆرتر لە کتێبەکانەوە لە بابتەوە شت فێر بوویت یان ئەزموونەکانت لەگەڵ ئەودا؟

ـ بەر لە هەموو شتێك من کچی ئەوم. کاتێك کەسێك لەدەست دەدەیت کە خۆشت دەوێت، تاهەتایە هەر لەگەڵت دایە. کتێبەکانیم زۆر خۆش دەوێت و هیچی تر. من ژیان هەر بەو جۆرەی کە هەیە قەبووڵ دەکەم. ئەمن هیچ پەیامێکم نیە.

ـ واقعییەت بۆ تۆ چیە؟

ـ ئازادی، رزگاری و عیشق.

ــ پێت وایە کاتێکی باشە بۆ توێژینەوە لە سەر بابەتی راستبێژیو درۆ لە بارودۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؟

ــ لە ئێستادا من واقعییەتێك نابینم. ئەمە زۆر خەمناکە. نازانم. وێدەچێت لە ئێستادا پارە تاکانە واقعییەت بێتو منیش پێم وایە پارە درۆیە. بارودۆخی ئێستا بارودۆخێکی ئێجگار خەماوییە.

ـ هیچکات منداڵەکانت ویستوویانە ببنە نووسەر؟

ــ بە خۆشییەوە نە! منداڵەکان ملكو ماڵی ئێمە نین. ئەوان ئازادن. دەبێ ئازاد بن. ئازادی جۆرێك بەرپرسایەتییەو پێم وایە زۆر گرنگە ئەمە فێری منداڵەکان بکەیت.

ـ لە ناو کتێبەکانی کامۆدا ئەمن هۆگری رۆمانی نامۆم، چەندین جارم خوێندۆتەوە کە دوایین جارەکەی دوێنێ شەو بوو.

ـ من تەنیا جارێکم خوێندۆتەوە.

ـ کام کتێبی باوکت زیاتر خۆش دەوێت؟

ـ کەوتنەخوارەوە (سقوط)، نازانم بۆچی. نازانم.

کۆنفرانس کۆتایی پێ هاتو دۆستەکانی کاترین دەیانەوێت بۆ خواردنی فراڤین لەگەڵیدا بچنە دەرەوە. ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەین، بەڵام بەر لە ماڵئاوایی ئادرەسەکانمان ئاڵوویر کرد. کاتێك دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە بیرم لە هەقیقەت، درۆ، بەرپرسایەتیو ئازادی دەکردەوە. کامۆ کتێبی کەوتنەخوارەوەی پێشکەش بە هاوسەرەکەی، فرانسیس کرد. چونکە پێی وتبوو کە ئەم کتێبەی قەرزداری ئەوە. بەڵام بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی کامۆ باوەڕی بە ئازادیو رزگاری هەبوو، پێی وا بوو قەرزداری هاوسەرەکەیەتی. راستە کامۆ خەیانەتی بە هاوسەرەکەی دەکرد، بەڵام هیچکات سەبارەت بە پەیوەندییەکانی درۆی نەکرد. ئەو باوەڕی بە عیشق هەبوو کە ئەرکەو ئازادی. عیشقیش وەکوو راستبێژی پلەگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. بە بیرم دێت جارێکیان وتارێکم لە سەر ئەگزیستانسیالیسم نووسیبوو، لە هەر شوێنێکدا وشەی هەقیقەتم بەکار هێنابوو، مامۆستاکەم خەتێکی بە ژێردا کێشابوو. رەنگە زیاتر لە ٢٠ جار ئەم کارەی کردبوو. نەیدەویست بزانێت مەبەستم لە هەقیقەت چیە. من هێشتا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. چونکە هەقیقەت وەکوو عیشق شتێکی تاکەکەسیو زەینییە. هەقیقەت خەیاڵو وێنایە. بە بۆچوونی من لە ژیاندا راستبێژیو فێڵکردن شتگەلێکی مرۆییو شایانی تێگەیشتنن. بە هەر حاڵ پێم وایە دەبێ فیلمنامەیەك بۆ "نامۆ" بنووسم.

دانیەل ئەیگان، نووسەرو رۆژنامەنووسی نیشتەجێی پاریس.

لە رۆژنامە "شەرق"ەوە وەرگیراوە.

سەرچاوە:
www.alfabetmaxima.com

## پاییزی بەهار

ئەم پاییزەش
ژوانمان بەری نەهێنا.
خودا سنگی کردە قەڵاو
سێبەری دووری لێ
کردین.
نا! لێگەڕێ...
با هەر وا خۆڵەمێشی بێ!
بەشی ئێمە هەر
هەناسەی پڕ لە ئاهەو
تکە تکە بارانی حەسرەت
بەرهێوانی دڵمان
گرتن!...
...
من دەهێننە قسە
دەستانێکی شاعیر
وشەوشە لە ژێر لاڵ
بوونی دەمت
هاوار بەرزوبەرز لە
شکاوی قوراگەی تۆ
ماچم دەکەن هەزاران
نیگای سەوز
لە ژێر خەڵوار خەڵوار
خۆشەویستی
دەبارێنم بەفربەفر لە
ڕەهێڵی خەونەکانت.
منداڵ بەوە! منداڵ
لە ئاوێنەی نەحسی
گەورەبوونی تەمەن
پێش ئەوەی بای
زستانێک
لە سپی بوونی کفندا
بتخەوێنێ!!
تۆیەک بۆ من، منداڵ
بەوە!!!؟...

ترووسکە سادقی

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No ٤٩٩ 4 Des 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

## ڕێگری لە سەفەری میوانە ئێرانییەکانی فیستیڤاڵی گەلاوێژ بۆ چی؟

قادر وریا

بۆ دوازدەیەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ژمارەیەك لە نووسەران، ئەدیبان، شاعیران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بانگهێشت کرابوون که بە داخەوە بەخت یاوەریان نەبووو، کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیجازەی تێپەڕین لە سنوور و بەشداری لەم فیستیڤاڵەی پێ نەدان. دەگوترێ لە نێو ئەم میوانانەدا کەسانێکی وەك سیمین بێهبەهانی، ئایدا هاوسەری شاملووی نەمرو... هەبوون. ئەم میوانانە تاسنەو مەریوانیش هاتبوون و ڕاست ڕۆژێك پێش دەست پێکردنی فستیڤاڵ، پێیان ڕاگەیاندبوون کە ناتوانن بچنە ئەو دیوو، بەشداری ئەو فیستیڤاڵە ساڵانەیە بن.

پێم وایە کەس گومانی لەوە دا نیە کە ئەم ڕێگرییەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هیچ نیازێکی خێری لە پشت نیە. نە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە کەسایەتییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی وڵاتی ئێرانی خوش دەوێن کە بڵێین نیگەرانی ئەمنییەت و سلامەتیی ئەوان لە وڵاتێکی دیکەی دایە. نە لە کوردستانی باشوور نائەمنی ئەویش بەنیسبەت میوانانی فەرهەنگی هەیە. هەر لە جێ دا کەسایەتییە ڕووناکبیرو فەرهەنگییەکانی ئێران، ئەوانە کە سەر بە دەسەڵاتداران نین و جیابیرو ئازادبیرن، ئەو کاتانە کە لە نێوخۆی ئێرانن دەبێ نیگەرانی سلامەتیی گیانیان بن و، هەرکات لە قەڵەمڕەوی دەزگای جاسووسی و سەرکوتی ئەم ڕێژیمە دوور دەکەونەوە، دەتوانن تۆسقاڵێك هەست بە ئەمنیەت و ئاسوودەیی بکەن.


لە بەر عادەت کردن بە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی نیە کە ئەم قسانە دەکەم، بەڵکوو بە سەرنجدان بەو ڕابردوویە کە کۆماری ئیسلامی لە گەڵ توێژی ڕووناکبیرو نووسەردا هەیبووە، بەم چەشنە بیر دەکەمەوە. دژایەتی کردنی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە گەڵ بەشداریی نووسەران و ئەدیبانی ئەو وڵاتە لە فیستیڤاڵی گەلاوێژدا، هاوکات بوو لەگەڵ دە ساڵەی لە نێوبردن و بێ سەرو شوێنکردنی دەیان نووسەر و ڕەخنەگر کە دوو ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، محەمەد موختاری و محەمەد جەعفەر پوویەندە لە سیما هەرە دیارەکانیانن. هەر ئەو دام و دەزگایەی برایم زاڵزادە، عەفار حوسێنی، ئەحمەد تەفەزوولی، ئەحمەد میرعەلایی، مەجید شەریف و پیرووز دەوانیی لە نێو برد، نیازی ئەوەی هەبوو دەیان نووسەرو کەسایەتیی فەرهەنگیی ئێران لە سەفەرێکی فەرهەنگیی ڕێکخراو بۆ وڵاتی ئەرمەنستان دا بە هۆی هەڵداشتنی ئوتوبوسەکەیان لە نێو بباو بەرۆکی ڕێژیمەکەیان لە دەست ڕەخنەی ئەوان ڕزگار بکا. بەڵام پیلانەکەیان بەر لەوەی بگاتە ئاکامی دڵخواز، ئاشکرا و پووچەڵ بۆوە. پێویست ناکا دوور بڕۆین. هەر ئەو کەسانەی ئەمساڵ کۆماری ئیسلامی ڕێی نەدان بێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، یا کەسانێکی وەك بەڕێزان عەلی ئەشرەف دەروێشیانو مەنسووری یاقوتی، کە لە یەك دوو فیستیڤاڵی پێشوودا توانیبوویان خۆیان بگەیەننە هەرێمی کوردستان، داستانێکی دوورو درێژیان لە خوێنی دڵ خواردن بە دەست مەئموورانی وەزارەتی ئێرشادو لەمەش زیاتر لە چوونە زیندانو، دیتنی ئازارو ئەشکەنجەو ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێرشو پەلاماری تاقمەکانی فشاری سەر بە دەزگاکانی ئەو ڕێژیمەدا هەیە. بۆیە دژایەتیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ سەفەری سیما ئەدەبیو فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران بۆ ناوچەیەکی ئازادی وەك هەرێمی کوردستان، لە جێیەکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ کە خراپ نیە هەڵوێستەیەکی لە سەر بکرێ.

سەفەری نووسەران، هونەرمەندانو ڕووناکبیرانی ئازادبیرو جیابیری ئێران بۆ ناوچەیەکی وەك هەرێمی کوردستان لە چەند لایەنەوە هیچ قازانجێکی بۆ ڕێژیمی ئێران تێدا نیە. ئەوان دێن ناوچەیەك دەبینن کە ئەمنیەت، ئاسایش، بەرەو پێشچوون، ئازادیو دێموکراسیی تێدایە. ئەوانەش هیچکامیان لە گەڵ ئیددیعاکانی ئەو ڕێژیمە کە بەردەوام باسی نەهامەتییەکانی خەڵکی ێراق لە سایەی حوزووری ئەمریکاوە دەکا، ناگونجێن. لە لایەکی دیکەوە لێرە لە هەرێمی کوردستان پارلمان و حکوومەتێك وڵات بەڕێوە دەبەن کە خەڵك خۆیان هەڵیان بژاردوون. بەڵام هەر ئەو نەتەوەیەی لێرە دەسەڵاتی خۆی گرتۆتە دەستو سەرزەویو وڵاتەکەی خۆی کردوە بە نموونەی دێموکراسیو پێکەوەژیان لە ناوچەدا، لە ئێران ئەو مافەی پێ ڕەوا نابینرێ پارێزگار، فەرماندارو بەخشدارەکانیش لە خۆی بن! لێرە کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی فارسو عەرەب و نەتەوەکانی دیکە لە بن دەواری فیستیڤاڵو کۆڕو کۆبوونەوە کولتووریو ڕۆشنبیرییەکانی ئەو نەتەوەیەدا، لەو پەڕی ڕێزلێگرانو ئاسوودەییو ئازادی دا، لێك کۆ دەبنەوەو بە دوور لە سانسۆڕو هەڕەشانەی لای ئەوان هەیە تامی خۆشی ئازادی تاقی دەکەنەوە.

لە مانەش گرینگتر ئەوەیە لە ڕێگای بەشداری لەم جۆرە فیستیڤاڵانەدا، بژاردە کولتوورییەکانی ئێران بە چاوی خۆیان داهێنانی هونەریو ئەدەبیو توانای فکری، کولتووریو ڕووناکبیریی ڕۆڵەکانی نەتەوەیەك کە لە تەلەڤیزیۆنو سینەماو ڕاگەیەنەکانی دیکەی ڕێژیمەکانی ناوچەدا هەمیشە بە دواکەوتووو شەڕخواز پیشان دراون، بە چاوی خۆیان دەبینن،و بڕوا بەم ڕاستییە دێنن کە ئەم نەتەوەیە شایانی ئەوەیە لە بندەستییدنەتەوەکانی دیکە بێتە دەرو بە سەربەستی بژی.

میوانانی ئێرانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە، ئەگەر سەر بە کۆماری ئیسلامی بن، ئەوە هیچ کەس لە بەشداران، ڕووی خۆشیان پێ نیشان ناداو، ئەگەر لەوانەش بن کە ڕێژیم چارەی ناوێن، بیجگە لە درکاندنی ڕاستییەکانی وڵاتی خۆیان لای بەشدارانی فیستیڤاڵو، شایەدی دان بە قازانجی حکوومەتو نەتەوەی خانەخوێ لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئێراندا، هەڵوێستێکی دیکەیان نابێ. ئەمەش هەر بە زیانی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە نابێ لۆمەی ئەو ڕێژیمە بکرێ ئەگەر دژی بەشداریی نووسەرانی ئێران لەم جۆرە فیستیڤاڵانەدا بێ.

## ""نیوەی مانگ" لە سێزدەیەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی " کرالا" ی هێند نیشان دەدرێ




فیلمی "نیوەی مانگ" بەرهەمی دەرهێنەری کورد، بەهمەن قوبادی، لە سێزدەیەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی " کرالا "ی هیند لە بەشی سینەمای جیهان دا نیشان دەدرێ. ماڵپەڕی "مژفیلم" لەم بارەیەوە نووسیویەتی ئەم فیستیڤاڵە لە ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەز لە ناوەندی شاری کرالا، لە باشووری هیند، دەست پێ دەکاو بۆ ماوەی حەوتوویەك درێژەی دەبێ.

شایانی باسە" نیوەی مانگ" کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا توانی خەڵاتی باشترین فیلم لە فیستیڤاڵی سێن سباستیەن و هەروەها خەڵاتی باشترین وێنەگرتن و خەڵاتی دەستەی نێوبژیوانانی وەدەست بێنێ تا ئێستا لە سینەماکانی ئێران مۆڵەتی نیشان درانی پێ نەدراوە. ئەمە لە کاتێك دایە کە ڕەخنەگرانی ڕۆژنامەی ئینگلیسیی تایمز ئەم فیلمەیان وەك یەکێك لە سەد فیلمی هەڵبژاردەی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژاردوە.

## دەرهێنەرێکی ئەمریکایی لە بارەی پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان فیلمێك بەرهەمدەهێنێ




دەرهێنەری ئەمریکایی گاوندەلین کەیتس فیلمێکی دیکۆمێنتیی سەبارەت بە پێکەوەژیانی ئایینی لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا بەرهەمدەهێنێ.

ڕۆژی ١٢/٢ فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە دەرهێنەری ئەمریکایی گاوندەلین کەیتس کرد کە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکۆمێنتی سەبارەت بە پێکەوە ژیانی ئایینی لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان سەردانی کوردستانی کردوە.

گاوندەلین کەیتس ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی وا دەڕواننە هەرێمی کوردستان کە باکووری عێراقە و باری تەناهی خراپە و ئایینەکان و پێکهاتەکان تووشی تیرۆر و توندوتیژی دەبنەوە من هەوڵ دەدەم بەو فیلمە ئەو پەیامە بگەیەنم کە ئەو هەموو پروپاگەندانەی سەبارەت بە خراپی ڕەوشی پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە لەوانە مەسیحییەکان دوورە لە ڕاستی و بە بەڵگەوە پیشانی ڕۆژئاوای دەدەم.

## چاپکراوی نوێ



### "بەدەم ڕێگای ژیانەوە"

ئەم کتێبە بیرەوەرییەکانی سەردەی منداڵی و لاوێتی و بەتایبەت ساڵانی پێشمەرگایەتیی نووسەرەکەی، ئەحمەد قادری، لە خۆگرتوەو لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "پرۆژی هاوسەر" ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.




### ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوا دا

لەم کتێبەدا ژن و پرسی ژن لە ڕوانگەی فیلسوفانی فەلسەفەی سیاسییەوە (لە ئەفلاتوونەوە تا جان ستوارت میل) خراوەتە بەر باس. ئەم کتێبە کە نووسەرەکەی "سۆزان مۆلێر ئۆکین"ە لەلایەن نووری زادە کراوەتە فارسی و ڕەسوول سوڵتانی کردوویەتی بە کوردی و لەلایەن دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانییەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## لاوێکی بۆکانی بۆ هەڵبژاردەی نۆروێژ یاری دەکا



ئارام خەلیلی کە لاوێکی بۆکانیی تەمەن ١٩ ساڵانە بۆ هەڵبژاردەی تیمی فوتباڵی نۆروێژ یاری دەکا. خەلیلی وەك یاریزانێکی بەتوانا بۆ هەڵبژاردەی نۆروێژ لە چەند یارییەك لە گەڵ وڵاتانی عێراق، سووریەو ئۆردۆن بەشداریی کردو توانی ٢ گۆڵ تۆمار بکا. ئارام لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی نۆروێژو وڵاتانی سکاندیناوی وەکوو هێرشبەرێکی بەتوانا باسی لێ دەکرێو بۆتە وێردی سەرزاری لایەنگرانی فوتباڵ لە نورویژ.

ئارام خەلیلی کوڕی هونەرمەندی بە ناوبانگ تاهیر خەلیلیەو چاوەڕوانی داهاتوویەکی پرشنگداری لە ئاستی جیهانیدا لێ دەکرێ.

